# مێژوونووس و نووسینەوەی مێژوو

(PP 1 - 23)

**ID No. 1705**

https://doi.org/10.21271/zjhs.22.5.1

**کامەران احمد محمدامین**

کۆلێژی یاساو رامیاری/زنکۆی سەلاحەددین-هەولێر

kamaran.amin1@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2018/05/01**

**پەسندکردن : 2018/01/22**

**بڵاوکردنەوە : 2018/11/01**

**پوختە**

لەم توێژینەوەیدا باس لە پەیوەندیەکان نێوان مێژو و مێژوونووس کراوە، میتۆدەکانی نووسینەوەی مێژوویی و ئەو گفتوگۆیانەی دەربارەی مێژوو کراوە خراوەتە روو، باس لە ئەرکەکانی مێژوونووس دەکات و ئەوە روونەکاتەوە، کە مەرج نیە هەریەکێك دەربارەی رووداوەکانی رابردووی نووسی پێی بگوترێت مێژوونووس. بە هەمان شێوە گفتوگۆ لەسەر گێرانەوەی مێژووی و رووداوی مێژوویی دەکات و رۆڵی هزر لە نووسینەوەی مێژوودا دەنرخێنێت، بە چڕی شیکاری بۆ بونیادی هزری لە نووسینەوەی مێژوویدا دەکات.

## پێشەکی

### گرنگی بابەت

تێگەیشتن لەرەگەزەکانی مێژوو ئێجگار گرنگە بۆ تێگەیشتن لەخودی مێژوو، تاوەکو ئێستا ئەو بروایە باوەو لە ئاراادایە، کە هەربابەتێك دەربارەی چیرۆکەکانی رابردوو بنووسرێت پێی دەگوترێت مێژوو، هەر کەسێکیش چەند لاپەڕەیك دەربارەی رابردوو بنوسێت پێی دەگوترێت مێژوونووس! ئەو جۆرە تێگەیشتنە پێویستی بەهەڵوەستەکردن و لێکدانەوەی وردترو پێداچوونەوە هەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت سوود لەئەزموونەکانی رابردوو وەربگرێت دەبێت توانای ئەوە پەیدا بکات، کەوا کامە ئەزموون هەڵدەبژێرێت، کەواتە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەو بابەتەی توێژینەوەی لەسەر دەکرێت زۆر گرنگە، چونکە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت هەموو ئەو شتانە بنووسێتەوە، کەروودەدەن، هاوکات مێژووەکە چۆن دەنووسێتەوە، چ زمانێك و چ شێوازێك بەکاردەهێنێت، ئەمانە هەموو بابەتی گرنگن خۆیان لەپەنای هەردوو چەمکی مێژوو و مێژوونووسدا حەشارداوە، ئەمەوا دەکات، تایبەت کردنی توێژینەوەیەك بۆ بەم بابەتە، بایەخ و گرنگی خۆی هەبێت.

**ئامانجی توێژینەوە**: ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی هەردوو چەمکی مێژوو و مێژوونووسە، چونکە بەداخەوە کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی، کە بەشێوەیەك لەشێوەکان قوربانی مێژووە، نەك بەتەنیا ئەو مێژووەی، کە تیایدا ژیاوە، بەڵکو ئەو مێژووەی، کە نووسراوەتەوەو تاکی کوردی لەسەر پەروەردە کراوە! رەنگ بێت تێگەیشتن لەمێژوو لای هەموو گەلێك کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام بۆ کورد زۆر خراپتر شکاوەتەوە و کارەکە ئاستەنگتر بووە، چونکە نەك بەتەنیا بەشێکی هەرە زۆری ئەو مێژوونووسە کوردانەی کەلەسەر مێژووی کوردیان نووسیوە لەئاست تێگەیشتنی مێژوو بەرپرسیاریەتی قۆناغەکەی خۆیان دانەبووینە، بەڵکو مێژووی کورد لای دوژمنانی کوردیش کراوەتە گۆڕەپانێکی شەڕو شەڕی بنیاتنانی کەسایەتی تاکی کوردیان لەسەر ئەنجام داوە، بەو ئامانجەی، کە بتوانین ئەو بابەتە وەك ئەوەی، کەهەیەبۆ خوێنەری کورد روون بکەینەوە!

**پرسیاری توێژینەوە**:ئایا دەکرێت هەموو ئەو نووسینانەی دەربارەی رابردوو نووسراون و دەنووسرێن بەمێژوو حسێو بکرێن، یاخود هەر کەسێك هات و شتێکی دەربارهەی قۆناغێکی دیاریکراوەوە نووسی ناوی مێژوونووسی لێبنرێت؟ ئایا مێژوونووس کێیە؟ مێژوو چۆن دەنووسرێتەوە؟

**گریمانەی توێژینەوە:** بێگومان نەخێر، هەر بابەتێك لەسەر رابردوو بنوسرێت پێی ناگوترێت مێژوو هەر کەسێکیش دەستی دایە قەڵەم و چەند پەڕێکی بەرووداوەکانی رابردوو رەش کردەوە، پێی ناگوترێت مێژوو نووس، بەڵکو هەم لەنووسینەوەی مێژوو، هەم ئە و کەسەی، کە مێژوو دەنووسێتەوە، پێویستە بنەمایەکی زانستی و هوشیاریەکی ئەقلانی هەبێت، واتە چەندین مەرجی تێدابێت، لە

بەر ئەوەی نووسینەوەی مێژوو تەنیا بۆ چێژی نووسینەوە نیە، بەڵکو ئەرك و بەرپرسیاریەتیەو مێژوو نووس دەبێت کەسێك بێت لەئە رك و بەرپرسیاریەتیەکەی تێبگات و هاوکات لەئاستی ئەو ئەرك و بەرپرسیاریەتییەش دابێت.

**میتۆدی توێژینەوە:**لەم توێژینەوەیەدا پشت بەمیتۆدی مێژوویی-شیکاری بەستراوە.

**پەیکەری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لەسێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تایبەت کراوە بە مێژو و ئەرکەکانی مێژوونووس، کە لە دوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم شرۆڤەی چەمکی مێژوو و مێژوونووس کراوە، هەرچی باسی دووەمە، تەرخانکاوە بۆ ئەرکەکانی مێژوونووس. لەبەشی دووەمدا، مامەڵە لەگەڵ گێڕانەوەو رووداوی مێژوویی کراوە، کە لەدوو باس پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا شرۆڤەی گێڕانەوەی مێژوویی، واتە شێوازی گێڕانەوە لەمێژوودا کراوە، لەباسی دووەمیشدا رووداوی مێژوویی روونکراوەتەوە. بەشی سێیەم دەربارەی هرزو نووسینەوەی مێژووە، بەهەمان شێوەی بەشەکانی تر لەدووباس پێکهاتووە، باسی یەکەم تایبەت کراوە بە پرۆسەی نووسینەوەی مێژوو، لەباسی دووەمیشدا کار لەسەر بونیادی هرزی و نووسینەوەی مێژوو کراوە، لەکۆتایدا ئەو سەر ئە نجامانە خراوەتە روو، کە توێژەر پێی گەیشتووە، هاوکات لیستێکیش بۆ ئەو سەرچاوانە کراوە، کە لەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێوەرگیراوە.

## بەشی یەکەم:

## مێژو و ئەرکەکانی مێژوونووس

### باسی یەکەم:

### مێژو و مێژوونووس

مێژوونووس بەو کەسە دەگوترێت، کە شارەزایی لەمێژوودا هەیەو پسپۆڕی زەمەنی رابردووە، مێژوونووس جیاوازە لە فە یلەسووف و زانایانی کۆمەڵناسی، هەرچەندە فەیلەسووفەکانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن، کەئەوانیش رابردوو راڤە دەکەن، زاناکانی کۆمەڵناسیش هەوڵدەدەن خۆیان لەکۆیلایەتی ئێستا رزگاربکەن و بەرەو رابردوو هەڵزنێن(تویلیەوتولار، 1999، ل 27). بەڵام مێژوونووس ئاماژە بەرابردوو دەکا لە کاتی ئێستادا، بۆیە ئێستایەکەش دەگۆڕێت، ئەو واتایەش دەگۆڕێت، کە لەرابردوودا دە بیبنێت(اتکن، دارالعلم للملايين، ل 9). (کرۆچە) لەم بارەیەوەدەڵێت هەموو مێژوو "بریتیە لە مێژووی هاوچەرخ" هەرکەسێکیش نازناوی مێژوونووسی راستەقینەی هەڵگرتبێت فەیلەسووفە بیەوێت یاخود نەیەوێت"(هرنشو، 1944، ل10).

مێژوونووس کاتێك مامەڵە لەگەڵ زانیاریەکانی رابردوو دەکات، دەکەوێتە ناو جیهانێك کاراکتەرەکانی شانۆکەیان جێهێشتووەو تەنیا کارەکانیان بەجێماوە، زانیاریەکانی رابردووش لەزۆربەی کاتدا ناروون و تەم و مژاوین، بۆیە مێژوونووس دەبێت هەمیشە بە گومانەوە مامەڵە لەگەڵ زانیاری و دۆکیومێنتەکان بکات. زانایانی مێژوو گوتویانە:"گومانی مێژوونووس پێشەنگی حیکمەتە کەیەتی، لەبەرئەوەی بنەما لەمێژوودا تۆمەتباریە نەك ئەستۆ پاکی، دیارە لەمەشدا بەڵگەیان لەدەروونناسی وەرگرتووە، کەهەستە کانی مرۆڤ و ئەحکامە ئاوەزیەکان و یاددان بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە زۆرجاران فریو دەخوات و خەڵك فریو دەدات( رستم، 2002، ل72). هاوکات پێویستە ئەوەش بزانین، مێژوونووس بەتەنیا مامەڵە لەگەڵ زانیاری و دۆکیومێنتە بەردەست و بەرجەستەکاندا ناکات، بەڵکو گەلێك جاران بۆ ئەوەی بەوردی لەدۆخەکە تێبگات و بەرچاوی روون بێت، پێویستی بەئەندێشەو هێنانە بەرچاو هەیە، پێویستە لەسەری حوکم لەسەر ئەوە نەدات، کە چۆن ئەو شتانەی لەبەرچاو نین، کاریگەریان بەبڕی ئەو بەڵگانەی، کە لەبەر دە ستیەتی دەربارەی بابەتی نووسینەکەی هەبووە، تاوەکو لەرێگای پرۆسەی هەڵێنجانەوە باوەڕ بەخۆی دەهێنێت، کەئەو کاریگەریە گریمان کراوە بە رێگایەکی تر رووینەداوە. ئەو جۆرەتێڕامانە ئەوەش دەگرێتەوە، کە هەندێك جار پێی دەگوترێت (ئەگەرەکانی مێژوو)و دەتوانین ناوی بنێین میتامێژوو (ماوراء التاريخ)، هێنانە بەرچاو(التخيل) پشت بە حوکمێك دەبەستێت، کە مێژوویی نیە، واتە ناتوانرێت راڤەکردنێکی مێژوویی بۆ بکرێت، بۆیە وەك بەشێك لەهزری مێژوویی دان بەمیتا مێژوو نانرێت ، بۆ نمونە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت لەبابەخی کەسێك یاخود شتێك، یا مەزنی کەسێك تێبگات دەپرسێت چی دەبوو ئەگەر ئاوا نەبوایە؟!( رستم، 2002، ل72)، واتەهەوڵدەداڕووداوەکە هەڵوەشێنێتەوەو بەپشت بەستن بەگریمانەکانی خۆی دایبڕێژێتەوە. کەواتەکاری مێژوویی بەپلەی یە کەم کارێکی رەخنەگرانەیە( بوس، 1981، ل 49).

چەندەی مێژوونووس توانای لەهێنانەوەبەرچاو زۆرتر بێت، هێندەتوانای لەژیاندنەوەی ژیانی رووداوە بە سەرچووەکانی مێژووی بەسەرچوو زۆرتر دەبێت، هێنانەبەرچاو کۆتایی قۆناغی هارمونەتیزەکردنی مێژوویە(التاويل التاريخي)، کاتێك مەنتاڵی مێژوونووس لەسەر راستەقینەیەکی دیاریکراو سەقامگیر دەبێت و بیرکردنەوەکەی پێی دەگا، وای تێدەگا، کە ئەمەراستەقینەیەکی تە واوەو دەست دەکات بە داڕشتنەوەی وەك مێژووێکی نووسراو، بێگومان هارمونەتیکا بڕێکی وا لە هێنانەبەرچاو لەخۆوە دەگرێت،

كە یارمەتی دەدات، بۆ ئەوەی پەیكەری مێژوو لەراستەقینە چەسپاوەكانەوە بونیات بنێت، یاخود دەیگەیەنێتە راستەقینەیەكی تر، كە چوون یەكە لەگەڵ راستەقینەیەك، كەدەیزانین و لێی دڵنیاین، بەڵام هێنانەبەرچاو لەمەودایەكی دووردا گەڕاندنەوەی وێنەی ریالیستی مێژووییە وەك ئەوەی، كە هەیەو بەخاڵی دەستپێكی نووسینەوەی مێژوویی هەژماردەكرێت( فوزی، 1964، ل44). خاڵی دە ستپێكیش بەگوێرەی رەوگە هزریەكانەوە دەگۆڕێت، بۆ نمونەخاڵی دەستپێكی مێژوو لای ئایدیالیستەكان رابردوو نیە، بەڵكو تێگە یشتن و وەرگرتنی پێویستیە ئاكاری و ئاینی و كۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەكانی ئێستایە، ناتوانین لەرابردوو تێبگەین ئەگەر لە پێویستەكانی ئێستاماندا نەژین و تێی نەگەین، بەشێوەیەك، كە بتوانێت ئارەزووەكانی ئێستامان پڕ بكاتەوە، جا لەبەر ئەوەی پێویستیەكانی ئێستاش لای هەموو مێژوونووسەكان وەكو یەك نیە، بۆیە دەبینین كتێبە مێژووییەكان زیاتر رەنگدانەوەی روانگەی تایبەتی مێژوونووسەكان دەردەبڕێت، لەبەرچەند هۆكارێكیش ئاستەنگە روانگەی هەموو مێژوونووسەكان لەسەر یەك شت رێكە وێت، كە لەگرنگترینیان:

1- مێژوونووس ناتوانێت خۆی لەهەست و سۆزی خۆی بەرامبەر ئەو كەسانەی، كە مێژوویان دەنووسێتەوە داماڵێت.
2- هاوكات ناتوانێت خۆی لەو چین و توێژە داماڵێت، كەتیایدایە( صبحی، 1975، ل50).

لە راستیدا مێژوونووسەكان وێنەی جیهانمان نیشان دەدەن وەك ئەوەی لەمێژوودا هەیە، كۆی ئەو پرۆسەیەمان بۆ وەسف دە كەن، كە لە پەنای گۆڕانكاری ئەو شتانەدایە، كە دەگۆڕێن، لەوانەیە ئەمە راڤەكردنێكی خۆیی بێت و بەشداریكردنێكی نامۆ بێت بۆ ئەوەی خودی خۆمان و كاروباری مرۆڤایەتیمان پێ بناسێنێت، دیارە ئەم بۆچوونەش نوێنەرایەتی دۆخێكی تایبەت بەهزر دەكات، كەیاسای تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ نمونە ئەگەر هاتوو هەڵویستەكان دژی شەڕانگێزی بوون و باش بوون ، یاخود دەربارەی قۆناغی گوناهەكان و سەروەرێتی گوناهەكان دەدوا، دەبێت، هەموو گۆشەكانی وێنەكەی بەشێوەیەكی جیاواز دابنرێت، لەبەر ئەوەی ئەمە پێوەری تر لەبواری تردا دەهێنێت، چونكە ئەگەر بەشێوەیەكی رەها مامەڵەی لەگەڵ حوكمەئاكاریەكان كرد، ئەوە واتای ئەوەیە هە وڵدەدات رەهەندێكی نوێ بخاتەئەستۆی خۆی، لێرەدا بواری راڤەكردنی مێژوویی جێدەهێڵێت، كە تاكە شوێنێكیشە مێژوونووس دەتوانێت بەنیشتمانی خۆی هەژمار بكات، بۆیە پێویستە ئاگادار بێت، لەجیاتی ئەوەی چیرۆكی ئەوەمان بۆ بگێڕێتەوە، كەكام لایان لەسەر حەق بووە، دەتوانێت باسی جیاوازی مرۆڤەكانمان بۆ بكات، پێویستە ئەوەمان لەیاد بێت، كەتەنیا بەباسكردن و پرسیاركردن، مەودای تێگەیشتنی نێوان مرۆڤەكان فراوانتر دەبێت، ئەمەش هەموو سەردەمەكان دەگرێتەوەو ئەو روانگەیە هەموو جیهان بەیەكە وەدەبەستێتەوە.(Butterfield ,https://cdn.preterhuman.net:P. 70-71).

پێویستە ئەوە بزانین، كە ئێمە لەچاوی ئێستاوە سەیری رابردوو دەكەین، مێژوونووس لەقۆناغەكەی خۆیدا دەژی و لەرێگای مە رجەكانی بوونی مرۆڤەوە پابەندەپێیەوە، هەمان ئەو وشانەی، كە زۆر بەكاریان دەهێنێت، وەك وشەی دیموكراسی و ئیمپراتۆریاو شەڕو شۆڕش و...هتد، بەواتای ئێستا بەكاریان دەهێنێت، مێژوونووسەكۆنەكان وا لێڕاهاتبوون، وشەكانی وەكو سندووقەكانی هە ڵبژاردن وەكو ئەوە بەكاربهێنن، كە لە دەقە كۆنەكاندا هەبووە، تەنیا بۆ ئەوەی وانیشان بدەن، كە ئەوان نەكەوتوونەتە ئەو داوەوە، دیارە، كە ئەمە یارمەتیان نادات، چونكە ئەوان لەزەمەنی ئێستادا دەژین، ناتوانن خۆیان بەوەفریو بدەن و كەوشەكانی رابردوو بە كاربهێنن، كەزەمەنی بەسەرچووەو ئێستا بۆ خەڵك نامۆیە. لەراستیدا مێژوونووس لەرابردوو ناژی، بەڵام وەك یەكێك لە مێژوونووسان دەڵێت " پێویستەرابردووی خۆش بوێت". كە، ئەمەش جێگای گومانە، چونكە خۆشویستنی رابردوو جۆرێكە لە رۆمانسیەت و بیركردنی مرۆڤە بەساڵاچووەكان بۆ كۆمەڵگا كۆنەكانیان، كە لە ئەنجامی ئەمەشدا متمانەیان بەسەردەمەكانی خۆیان لە دەست دەدەن.(Carr,http://trfa.org.uk:P.3).

دەگوترێت توێژینەوەی مێژوویی ئەو توانا ئاوەزیە بە دەردەخا، كە لەناخی مێژوونووسدایە، مادام دەتوانێت لەروانگەی مێژووییەوە هەموو ئەو شتانە بیزانێت، ئەو بیرۆكانە دووبارە لەدەروونی خۆیدا دەینوێنێتەوە، زانینی ئەو بیرۆكانەیە، كە توانا ئاوە زیەكانی نیشاندەدات و (یاخود ئەو توانایەی، كە لەئەنجامی توێژینەوەكانیدا بۆی هاتووە) یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی بیر لەو شێوازانە بكاتەوە، بە پێچەوانەوەی ئەمەش، هەركاتێك لەگەڵ كێشەكانی مێژوو بەریەك كەوت و نەیتوانی تێیان بگات، دەگەڕێتەوە بۆ سنووری هێزەكانی ئاوەزی خۆی، واتە ناتوانایی خۆی لەهەندێك رووەوە ئاشكرا دەكات، كاتێك نەیتوانی بیریان لێبكاتەوە، یاخود هەرگیز ناتوانێت بیریان لێبكاتەوە، یاخود لەو قۆناغە دیاریكراوەدا ناتوانێت بیریان لێبكاتەوە. لەوانەیەئەو بیرۆكەی، كە دەڵێت ئەو مێژوونووسەی وردبینەو لەراستەقینە گرنگەكان تێدەگات، بایەخێكی مێژوویی دەبەخشێتە كتێبەكەی و وەك سەرچاوەیەكی مێژوویی، كەراستی تێدابێت، بەقووڵایی دەچێتە ناو وێناكردنێكی داهێنەرانەی مێژوو، جوانترین وێنەی مێژوو دەخاتەروو، بەڵام ئەمەئەگەر بۆ هەندێك دۆخ راست بێت، ناكرێت بكرێتە رێسایەكی گشتی. لەلایەكی تر، گومانی تیا نیە ئەو كتێبانەی، كە وەك سەرچاوەیەكی مێژوویی بایەخێكی گرنگیان هەیە ، لەوانەیە، وەك نمونەیەك بۆ نووسینەوەكانی مێژوو گرنگ نەبن! بەشێوەیەكی گشتی پەیوەندیە كی راستەوخۆ لەنێوان بەهای كتێب وەك سەرچاوەیەكی مێژو و بایەخەكەی لەمێژووی زانستی مێژوودا، نیە(روزنتال، 1983، ل13).

ئەمەیە وامان لێدەکات، کە لەکاتی خوێندنەوەی کتێبەکانی مێژوودا، جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو بابەتەی، کەمێژوونووسەکە کاری لە سەر کردووە، لەگەڵ روانگەو یۆچوونی خودی مێژوونووسەکە خۆی، کە زۆر جاران هێندە کاریگەری لەسەر بابەتەکە دروست دە کات، دەبێتە هۆی ئەوەی دەقەکان واتا راستەقینەکانی خۆیان لەدەست بدەن و مۆرکی هزری ئەو هەڵگرن، بەتایبەتیش کاتێك مێژوونووس هەوڵدەدات لەروانگەیەکی ئایدیۆلۆژیەوەرووداوەکان بخوێنێتەوە. سەرباری ئەمە مێژوونووس هەرگیز ناتوانێت ژیانی کەسی خۆی لەنووسینەکانیدا دابڕێت، چونکە ئەویش وەك هەر تاکێکی تر لەتاکەکان مرۆڤە ، درك پێبکات یاخود نەیکات، بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژی، بەو سیفەتە لە داکەوتەکانی رابردووی مێژوویی نزیك دەبێتەوە، هەندێك جار دەربارەی رێڕەوی مێژوویی دەدوێن وەك ئەوەی کەژاوەیەك بێت و بجوولێتەوە، بەمەرجێك مێژوونووس بەخ و لەخۆیایی نەبێت خۆی وەك بازە نەیە تەبەرچاو، کە تەنیا لەرێگای گەرووی خۆیەوە سەیری دیمەنێکی کردووە! یاخود سەیری مرۆڤەکان دەکات لەژێرەوە، بەڵکو مێژوونووس مرۆڤێکەو شان بەشانی مرۆڤەکانی تر لەو کەژەوەیەدا دەڕواو دەژی، چۆن کەژاوەکە بەگوێرەی ئاڕاستەی با بۆ لای راست و چەپ دەهەژێت، هەندێکجار لەرزینەکەی زیاتر دەبێت، هەڵوێستەکان بەگوێرەی بەشەکانی کەژاوەکە بەردەوام لە گۆڕاندایە، بۆ نمونە شتێکی لۆژیکیە کاتێك باپیرانی خۆمان لەچاخە ناوەڕاستەکان نزیکتربن، کە ئەوان تیایدا ژیاون، یاخود سەردە می تەزار بۆ ئێمە لەسەردەمی (دانتی) نزیکترە، ئەمە خاڵێکە لەناو کەژاوەکەو ئاسۆکانمان لەئاسۆکانی ئەوو، گۆشەنیگاکانمان لە گۆشەنیگاکانی ئەو نوێترە، بەم چەشنەکەژاوەکە، کەمێژوونووسەکەی تیایە بەردەوام دەجوولێتەوە، مێژوونووسەکە خۆشی بەشێکە لەمێژوو خۆی زیاتر لەرابردوودا گۆشەکەی خۆی دیاری دەکات(Carr, http://trfa.org.uk: p.37). چونکەئەزمونی رۆژانەی خۆی فێری دەکات، کە دوێنێی وەك ئەمڕۆی نیە، ئەمڕۆی وەك بەیانی نابێت، ئەو یاددانەیە، وا دەکات، کە زۆر جار کاریگەری لەسەر خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ رووداوەکانی رابردووش هەبێت.

مێژوونووس هەرچەندە بەتوانا بێت ئاستەنگە بتوانێت خۆی لەو هەموو فاکتەرانەرزگاربکات، کە هەڵقوڵاوی بیرو بۆچوونە سیاسی و ئاینیەکانی خۆیەتی، بەتایبەتیش ئەو هەستانەی، کە دەرهاویشتەی ئەو ژینگەیە تیایدا دەژی، زۆر جاران مێژوونووس پشت بەدەقێك یاخود شوێنەوارێك دەبەستێت، لەبنەڕەتدا شوێنەوارێکی رەسەن نیەو ساختەکراوە(مونتسکیو، 2011، ل 8). بۆیە دە بینین، مێژووی راسترەوەکان بەشێوەکی نێواخنی پشت بەپرەنسیپەکانی هەڵبژاردن دەبەستێت، پشت بەستنیش بەو پرەنسیپە پابە ندمان دەکات بەوەی، کەپێویستەچیرۆکی هەموو مێژوو رێکبخەین، لێرەدا دۆخێکی زۆر جیاوازمان بۆ دروست دەبێت، بۆ نمونە کاتێك مێژوونووس دەیەوێت توێژینەوەلەسەر سەدەی شازدەهەمدا بکات ئەو دۆزینەوانە دیاربکات، کە بۆ ئەو سەردەمە گرنگ بووە، یاخود لەو سەردەمەدا کاریگەری هەبووە، دواتر بەراوردی بکات لەگەڵ سەردەمەکانی تر، ئەو کاتە پێویست بەوە دەکات سە رلەنوێ چیرۆکەکەدابرێژێنەوەو گرنگترین ئەو یاسانەی، کە هەمواریان دەکاتەوە هەڵسەنگێنێت، بەواتایەکی تر پێوستە بەگوێرەی ئەو هەماهەنگیەی، کەلەپرەنسیپەکانی ئاماژەکردنێکی راستەوخۆ بۆ ئێستا پراکتیزە دەکرێت، چیرۆکێکی کورتر بگێرێتەوە، کە بەتەواوی جیاواز بێت لەچیرۆکەکەی تر، ئەمەیە، کە پێی دەگوترێت راڤەکردنێکی راست رەوان بۆ مێژوو (Butterfield : https://cdn.preterhuman.net:P.18).

هەندێك لەمێژوونووسان باسی هەواڵ و داکەوتەکان دەکەن، بەبێئەوەی باسی هۆیەکانیان بکەن، هەندێکی تر بەتەنیا بەپێناسە ی رووداوەکانی رابردوو ناوەستن، لەهەواڵەکان ورد دەبێتەوەو داکەوتەکان شرۆڤەدەکات، بەشێوەیەکی زنجیرەیی زەمەنی هۆیەکان رێز بەند دەکات، رووداوەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆیەکانیان و داکەوتەکانیش بۆ حاڵەتەکانیان. با لێرەدا بەو پرسیارە دەست پێبکەین، ئایا مێژوونووس چی دەکات کاتێك پێویست بەوە دەکات هۆیەکانی رووداوەکان دیاری بکات؟ یەکەم تایبەتمەندی ئەوەیە، مێژوونووس هەمیشە کۆمەڵێك هۆ دیاری دەکات و دەبێت توانای ئەوەی هەبێت لەنێو هەموو هۆیەکاندا ئەو هۆیە دەست نیشان بکات، کە لەهوموو ئەوانەی دیکە تر کاریگەرتر بووە، ژەنراڵ (مارشال) لەو بارەیەوە نووسیویەتی:"پێویستە خەڵك لەو ئامرازانەی لە بەردەستیاندایە و سەیری شێوازی کارکردنی هۆیەکانی پێدەکەن وریا بن و رەچاوی خاڵەکانی تر بکەن، کە لەگەڵ هۆیەکاندا تێکەڵ دەبێت و شوێنەوارەکانی بەدی دەکرێت، بۆ نمونەئەگەر بپرسین:" بۆچی لەساڵی (1917) شۆڕش داگیرسا؟ مرۆڤ کاتێك سەیری دایسانی شۆڕشی بەلشەفی دەکات، کۆمەڵێك هۆی بەدیار دەکەوێت، لەوانە شکستە یەك لەدوای یەکە سەربازیەکانی رووسیاو داتە پینی ئابووری وڵات، لەژێر فشاری ئەو شەڕانەدا، هەروەها شکست هێنانی حکومەتی تەزار لەچارەسەرکردنی کێشە کستوکاڵیەکان و کاریگەری پروپاگەندەکانی بەلشەفیکەکان، کە جەختیان لەسەر چینی پرۆلیتاریای هەژارو بەکارهێنانیان لەکارگەکانی (پترۆگراد) دەکردەوە. لێرەدا دەبینین مێژوونووس خۆی لەبەردەم کۆمەڵێك هۆدا دەبینێتەوە، پێویستەزنجیرەیەکی هەرەمی بۆ هۆیەکان دروست بکات و پەیوەندی هۆیەکان لەگەڵ یەکتردا رێکبخات، تا لەراڤەکردنی کۆتایدا بگاتە ئەو هۆیەی، کە هۆی هەموو هۆیە کانە، ئەمەش راڤەکردنی تایبەت بە مێژوونووسەکە دەبێت بۆ ئەو بابەتەی، کە لەسەری دەنووسێت(Carr.http://trfa.org.uk:P.97).

هەندێك پێیان وایە، کە "هۆ بوونی نیە، نەهۆ هەیەو نەپێداویستی!" مێژوونووسی ئەڵمانی مێنیکە (Meinecke)لەکۆتایی ژیانیدا، لەژێر فشاری ئەو کارەساتانەی وڵاتەکەی پیایدا تێدەپەڕی، گەیشتەئەو بڕوایەی، کەهیچ هۆیەك لەئارادا نیەو رێکەوت رۆڵی سەرەکی لەرووداوەکان دەبینێت، پێی وابوو کەوا بەخ و لەخۆبایی و هەڵبژاردنی (هایدینبرگ) بۆ سەرۆکایەتی کۆماری (ڤایمار) و هە ڵبژاردنی مرۆڤێکی واسواس و دوودڵی وەکو هتلەر، هۆی سەرەکی جەنگی جیهانی دووەم بوو .(http://trfa.org.uk:P.110, Carr). کەواتە دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە چاودێرییەکی توندتری سەر ماشێنەکان و چاك کردنی رێگاو بانەکان لەکۆتایدا دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی رووداوەکانی هات و چۆ، بەڵام شتێکی لۆژیکی نیەئەگەر بڵێین دەتوانین رووداوەکانی هات و چۆ لەرێگای قە دەغەکردنی جگەرەکیشان لەشوفێرەکان کەم بکەینەوە! هەمان شت لەسەر هۆیەکانیش لەمێژوودا پراکتیزەدەبێت ، بەڵام پێویستە جیاوازی لەنێوان هۆیە ئاوەزمەندیەکان و ئەو هۆیانە بکەین، کە نا ئاوەزمەندین، دەکرێت ئەم لۆژیکە بۆ وڵاتانی ترو قۆناغەکانی تر لەبار بێت و ئەو وانانەی لێیان هەڵێنجین، دەمانگەیەنێتە گشتاندنێکی بەرهەمدارو لەکۆتایدا تێگەیشتنمان فراوانترو قووڵتر دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك هۆی لاوەکی هەیە، کە ناتوانین بیگشتێنین، لەبەرئەوەی پڕ بەواتای وشە جۆرێکی دەگمەنن، هیچ وانەیەکی لێوە فێر نابین و نامانگەیەنێتە هیچ دەرئەنجامێك، لێرەدا دەبێت بۆچوونێکی تریش بخەیەروو ئەویش بیرۆکەی ئامانجی ئە و رایەیە، کەوا کلیلی چارەسەری سۆنگەییمان(السببیە) لەمێژوودا فێر دەکات، کە ئەمەش ئەحکامی بەهاکان لە خۆوەدەگرێت و مێژووش بەهۆی ئەحکامی بەهاکانەوە راڤەدەکات، چونکە بەبێ گەڕانەوە بۆ بەهاکان، گەڕان بەدوای زیانەکان لەمێژوودا زۆر ئاستە نگە، ئەمەیە، کە وەزیفەی دوولایەنەی مێژوو دیاریدەکات، تێگەیشتنمان بۆ رابردوو لەژێر رۆشنایی ئێستاو تێگەیشتنمان بۆ ئێستا لە ژێر رۆشنایی رابردوو (.Carr,http://trfa.org.uk:P.117).

ئەگەر مێژوونووس بایەخی بەوردبوونەوە لە هەواڵەکانداو رەخنەی لەدۆکیومێنت و شوێنەوارەکان گرت، مێژووەکەی دەبێتە مێژووێکی رەخنەئامێز، ئەگەریش هەوڵیدا پەند لەرابردوو وەربگرێت، بۆ ئەوەی خەڵك سوودی لێوەرگرن و شوونی هەڵگرن، مێژووەکەی دەبێتە مێژووێکی ئاکاری(اخلاقی)، بەڵام ئەگەر بایەخی بەهەوڵی دەوڵەتان و پەیوەندیەکانی نێوانیاندا، بۆ ئەوەی لە کاروباری دەوڵەتاندا سوودی لێوەربگیرێت، مێژووەکەی دەبێتە مێژووی سیاسی، ئەگەر ئەمانەی هەموو تێپەڕاندو کەوتە شرۆڤە کردنی داکەوتەکان، بۆ ئەوەی چۆنیەتی و هۆی روودانیان بزانێت، مێژووەکەی دەبێتەمێژووێکی فەلسە فی(Carr,http://trfa.org.uk:P.117)، واتە بەشێوەیەکی گشتگیر دەڕوانێتە مێژو و هەوڵدەدا سەرەتاو کۆتایی دیاری بکات، ئەمە دە یگەنێتە ئەو ئەنجامەی، کە هەوڵبدات لەوە تێبگات، کە شارستانیەتەکان چۆن لەدایك دەبن و گەشەدەکەن و دواتر چۆن دە ڕووخێن، لەراستیدا تێبینی پێنج شێوە لەگشتگیری مێژوویی دەکرێت، وشەو واتا گشتیەکان(چەمکەکان)، کە مێژوونووس بەکاریان دە هێنێت و گشتگیرە، بۆ نمونە من وەسفی کەسیك لە کەسایەتیەکانی رابردوو دەکەم، وەك چۆن وەسفی ئەو چرایە دەکەم کەلەبەردە مم دایە، چەمکی وەسفی بەکاردەهێنم، داکەوتەکان بە شێوەیەك دەگێڕمەوە، دەیانگەڕێنمەوە بۆ شتێك لەرابردوو ، لەبەرئەوەی ئە و گۆڕانکاریانەی بەسەریانداهاتووە(کە بەچەك دەردەبڕێن)، بەڵام لەهەمان کاتدا ئاماژە بۆ شوێن و کاتی ئەوە دەکەم، کە رووداوە کە یاخود رووداوەکانی تیادا رووداوە، پاشان ئەو بەهایانەی، کەرێکی دەخەن، شتی جیهانین، پێویستەلای هەمووان قبووڵکراو بێت، ئەگەرهاتوو بیەوێت زانستی و بابەتیانەبێت، سەرباری ئەوەش، مێژوو هەمیشەبەکۆمەڵێك رووداوی چڕو وردو روونەوە، بەکات و شوێنەکەیmوە پەیوەست نیە، مێژوونووس توێژینەوە لەکارەکانی هیچ کەسایەتیەکی مێژوویی بەتەواوەتی ناکات، بەسروشتی خۆشی هەمان شت بۆ کەسانی نەناسراو ناکات! ئەو لەقۆناغێکی دیاریکراودا، بایەخ بەهەموو جووتیارەکان لەوڵاتێك لەوڵاتەکاندا نادات، بەڵکو تەنیا بایەخ بەمەرجەکانی ژیانی ئەوانە دەدات، کە لەو سەردەمەدا ژیاون، ئەو تەنیا چەمکە مێژووییەکان بەشێوەیەکی رێژەیی بەکاردەهێنێت(ارون، 1999، ل123)، بۆ نمونە، کاتێك دەڵێن کەوا بزووتنەوەی چاکسازی لەئەوروپا بووەهۆی هێنانەدی ئازادی، رەنگ بێت ئەمە راستیەکی تێدا بێت، بەڵام پاساو بۆ ئەوە ناهێنێتەوە، کە هیچ دەرئەنجامێك لەسەر ئەوەبنیات بنێین، دەشێت ئەو راگەیاندنە کۆتایی بیانگەکانی مێژوونووسێك بێت، بەڵام زۆر مەترسیدارە ئەگەر ئەوەمان وەك خاڵی دەستپێك بۆ خۆمان وەرگرت، ختووکە لێدانێکی گەورەیەی ئاوەزە ئەگەر پشت بەهەندێك لەو شێوە راگەیاندنە ببەسترێت، ئێمەلەیادی دەکەین کەوا ئەو تێزە وەك ئەوەی، کەهەیەدرێژکراوەیەکی لۆژیکیەبۆ ئەو پاساوانەی، کە مێژوونووس دەتوانێت بۆ بیرۆکەیەی خۆی بیدات، کە بەدوادا چوونی بۆ کردووە، بەڵام ئێمەنابێت لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا لەئاسمان بفڕین، لەکاتێکدا وا دەخوازێت ئەو بیرۆکیە هێنرا بێتەسەر زەوی، بەڵکو پێویستە بیخەینە ژێر راڤەکردنێکی ناوخۆیی، بۆ ئەوەی ئاڵۆزیە بنەڕەتیەکەیمان بۆ ئاشکرا دبکات، مە ترسی گەورەی ئەو راڤەکردنەش لەو پانتاییەفراوانە دایە، کە ئاوەز داگیری دەکات و یاری لەسەر نیوە راستەقینەکانی مێژوونووساندا دەکات، بۆیە پێویستە توێژینەوەیەکی مێژوویی راستەقینەو چڕ ئەنجام بدەین تاوەکو لەبەکارهێنانی کورت دوورمان بخاتەوەنە نەمانخاتە بەردەم پێشبینیکردنی ئاڵۆزو ناروون، بەڵکو بمانگەیەنێتە نێو وردەکارییە بەرجەستەکان (Butterfield,

https://cdn.preterhuman.net:P.55). بەڵام بەدڵنیاییەوەمێژوونووس بیرۆکەی چیرۆکێك لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت، کە لەرێگای تۆمارکردنەوە بەدەستی هێنا بێت، کە تیایدا درۆ خۆی لە قاوغی راستەقینەدا حەشاردا بێت، بەڵام هاوکات نابێت ئەوەش فەرامۆش بکەین، کە هەندێك لەو جۆرە چیرۆکانە بەشێك لەراستەقینهکان بەخۆیانەوە دەگرن، کەهەموو لەوردەکاریەکانیاندا جیاوازن، هیچ لایەکیان رای لەلایەنەکانی تر نیە، ئەوەی لەو حاڵەتەدا پێویستە مێژوونووس بەهەندی وەربگرێت، ئەو بیرۆکە گشتیانەیە، کە جۆرە کانی چیرۆکە دەشێ بیاندۆزێتەوە(White, http://www.jstor.org:p.294-295).

جێگای ئاماژە پێکردنە، کەوا "دەلالەتی راستەقینەی مێژوویی لەسەرەوەی مێژووەوەیە، دیاردەکان، پەرجووەکان، بەتەنیا بۆئە وە هەن، کە سەرنجی ئێمە بۆ ئەو روحە رابکێشن، کە بەشێوەیەکی چێژ ئامێز دیاردەکانی تیا لەدایك دەبێت"(غادامیر، 2007، ل285)، هە رمێژوونوسێکیش بەشێوەیەك ئەو روحە دەبینێت و تێی دەگات! بۆ نمونە مێژوونووسێك، کە لە کۆتاییەکانی فەرمانڕە وایی تریپۆس ئیمپراتۆریای رۆمانی42 -37 پ. ز)، ژیاوە، بەم چەشنە ئازارەکانی مەسیحی نووسیوەتەوە" مەسیح لەسەرخاچدا هیچ شتێکی نیە دەربارەی ئازارەکانی بیڵێت، تاکە چینێك، کە دەتوانێت کۆتا کۆتایی مەسیح بهۆنێتەوە، گرژی دۆخی سیاسی و ئاینیە لە نێو کۆمەڵگای جوولەکە"، کاتێك مێژووی جوولەکە جێدەهێڵین و دێینە ناو مێژووی دیانەکان رۆڵی مەسیح بەگوێرەی پێنووسی ئەو مێژوونووسە، رۆڵی کەسایەتیەکی لاوەکیە، بەڵام لەمێژووی دیانەکان مەسیح بەرۆڵێکی مەزنتر هەڵدەستێت! کەواتە دەلالەتەکانی نە تەوەکان بەگوێرەی کات ناگۆڕێت، بەڵکو ئەوەئێمەین چینەکە دەگۆڕین، بۆیە دەبینین هەموو شتەمێژووییەکان ئەگەر وەك بەشێك لەمێژوو نەبێت هەست بە بوونیان ناکەین(ڤین، 1998، ل72). هۆی سەرەکی ئەمەش، دەگەڕێتەوەبۆ خودی مێژوونووس خۆی، کە بە پێچەوانەی لۆژیستیك ناتوانێت جیهانی بینراو(عالم الظواهر) لەدوای خۆیەوە جێبهێڵێت، ئەو لەجیهانێکدایە، کە بەشتە رووکە شەکان دەوردراوە، ئەرکی ئەو ئەوەیە لەوان بەرزتر بێتەوە، تاوەکو توانای ئەوەی هەبێت تێیان بگات، بێگومان ئەمەش لەرێگای دانانی میتۆدێکی ورد دەبێت، دۆزینەوەی رێگایەك، کە جیهانی خورافەو نەریتە خورافیەکان لە یەکتر جیا بکاتەوە دەبێت شتە رووکە ش و کرداریەکان لەوەهم و فریودانەکان جیا بکرێتەوە، یەکێك لەمێژوونووسەکان، (نیپور)، بۆ ئەوەی بتوانێت راستەقینەکان لەکۆن و نوێدا هەڵێنجیت ویستی سەرلەنوێ ژیان بە بوونیانەوە ببەخشێتەوە، کە پاشماوەکانی رابردوو دای پۆشیبوو، ، واتە سەرلەنوێ کریگەرکردنەوەی، ئەمەش لە رێگای کەش و فشێکی زمانەوانیەو لەگێڕانەوەیەکی کاریگەردا هەیە راستەقینەکان جیا بکاتەوە، ئەو مێژوونووسە هەرگیز گومانی لەوەنەبوو، کە تەنیا لۆژیکی مێژووەدەتوانێت ئەم کارەئەنجام بدا، بەم چەشنە توانی بەسەر ئەو نائاوەزیە زاڵ بێت، کە قۆناغی رۆمانتیك لەگەڵ خۆیدا هێنابووی...(نیپور) پێی وابوو، کەهیچ پێشکەوتنێك نایەتەدی تەنیا ئەگەر هێزە نوێیەکانی تری ئاوەز رزگار نەکرێت، سەرسام بوون بەرابردوو توانەوەیەکی هەستیارانە لەناویدا، رێگای لەبەر دەم رەخنەیە کی مێژوویی هووشیار کردەوە، کە جێگای متمانەبێت(کاسیرر، 1997، ل20)، چونکە نووسینەوەی مێژوو ئامانج نیە لای مێژوونووس، بەڵکو تەنیا ئامرازێکەو دەیەوێت لەرێگەیەوە بگاتە راستەقینەکان، ئامرازێکە بۆ ئەوەی ژیانی رابردووی مرۆڤ بپارێزێ و رێگای بۆ رۆشن بکاتەوە لە کاتی ئێستاو ئایندەدا. بۆیە دەتوانین بڵێین مێژوونووس بەلایەنی کەم دوو ئامانجی سەرەکی هەیە:

1-پاسەوانیکردنی کەلەپووری رۆشنبیری.

2-گێڕانەوەی پێشکەوتنەکانی ئادەمیزاد.

بەحوکمی دۆخی یەکەم، واتە بوون بە پاسەوانی کەلەپووری رۆشنبیری. بەبڕی ئەو مەعریفەو توێژینەوە شیکاریانەی کە لە سەرچاوەکانی بەردەستی مێژونووس دا هەیە، تایبەتمەند دەبێت لەوەی، کە بەدرێژی و ئەمانەتەوە، روونکردنەوەیەکی ورد ، دە ربارەی ئەو کەس و رووداوو هزرو سیستەم و هەمووئەو شتانەی، کە کاتیان بەسەر چووەو تێپەڕیون ئەنجام بدات. هەرچۆنێك بێت، مێژوونووس دەتوانێت دروشمی (رابردوو لەپێناو رابردوو) بەرز بکاتەوە، ئەمەش وا دەکات، کە رووبەرووی کێشەی هەڵبژاردن ببێتەوە، واتە توێژینەوە لەسەر چ کەسێك یاخود رووداوێك یاخود هزرێك دەکات، دواتر لەپەیوەندی نێوان کەسەکان و رووداوەکان و هزرەکان و سیستەمەکان و شتەکانی تر رووبەرووی کێشەکان دەبێتەوە. بەڵام بەهۆی خاڵی دووەم هەردەبێت دەربارەی چۆنیە تی پێشکەوتنی ئادەمیزاد تیوورێك بۆ خۆی بەیەکەوە بنێت، لەو خاڵەدا خۆی بە شێوەیەك دەدۆزێتەوە،کە کەوتۆتە ناو بواری فەلسە فەو کۆمەڵناسی، هاوکات گیرۆدەی هەندێك سروشتی کەسایەتی خۆی دەبێت، کە رۆڵیان لە هەڵبژاردنی بابەتەکەو پێداگرتن لەسە ری هەیە(جوتشلك، 1966، ل 105). ئەمەش دەبێتە سۆنگەی ئەوەی، کەوا کاری نووسینەوەی مێژوو کارێکی ئاسان نەبێت، هەرکە سێك دەستی دایە پێنووس و دەربارەی رووداوەکانی رابردووی نووسی، چاپخانەکانی سەرقاڵ کردو دەیان نووسراو کتێبی خستە بەر دەستی خوێنەران، نابێتە مێژوونووس، بەڵکو مێژوونووس پێویستەچەند سیفەتێکی تیادا بێت، لەوانە:

1- پێویستە حەز بەتوێژینەوەو کارکردن بکات و پشوو درێژ بێت، کۆسپ و کێشەو ئاستەنگەکانی توێژینەوە ساردی نەکاتەوە .

2- دەبێت دەست پاك و ئازا بێت، مێچکە مێچکە لەبەر دەسەڵاتداران نەکات و راستەقینەکان نەشارێتەوە، کە هەندێکیان بەدڵی ئەو، یاخود بەدڵی نەتەوەکەی و دەوروبەرەکەی نین، جگە لەویژدانی خۆی نابێت هیچ چاودێرێکی تری لەسەر بێت، ئەوەی لە و چوارچێوە دەرچێت بە مێژوونووس هەژمار ناکرێت، بێگومان ئاشکراکردنی هەڵەو کەمو و کووڕیەکانی رابردوو دەبێتە هۆی ئەوەی، لە داهاتوودا ئەو هەڵانە دووبارە نەکرێتەوە.

3- دەبێت مێژوونووس توانای رەخنەگرتنی هەبێت، ناکرێت هەموو ئاخاوتنێك وەك خۆی وەربگرێت و باوەڕ بەهەموو دۆکیومێنتێك، یاخود سەرچاوەیەك بکات، بە بێئەوەی لێی بکۆڵێتەوەو بیپشکنێت، پێویستە ئەوەی راستە، یاخود ئەوەی زیاتر لەراستیەوە نزیکە وەرگرێت و ئەوانەی تر وەلاوە بنێت.

4- پێویستە مێژوونووس دوور بێت لەخۆشویستنی ناوبانگ و خۆ وەدەرخستن، بە بێدەنگی و هێمنیەوە خۆی بۆ کارە زانستیە کانی تەرخان بکات، ئەو راستەقینەزانستیەی بەدەستی دێنێت، لای ئەو لەهەموو ئەو شتێك گرنگترو بەهادارتر بێت.

5- پێویستە مێژوونووس وەکو زانایانی تر خاوەنی ئاوەزێکی هوشیارو رێك و پێك و رێکخراو بێت، بۆ ئەوەی بەروونی رووداوەکان لەیەکتر جیابکاتەوە، جۆرەکانی راستەقینە بەسیستەماتیك بکات بۆ ئەوەی لەشوێنێکی گونجاودا سوودیان لێوەرگرێت.

6- لەسیفەتە بنەڕەتیەکانی مێژوونووس بێلایەن بوونە، پێویستە تا بۆی دەکرێت خۆی لەئارەزووەکانی خۆی و دڵبەندی و رقلێبوونەوەو خۆشەویستی بۆ لایەنێك لەو لایەنانە مێژووییانەی لەسەریان دەنووسێت بپارێزێت، ئەو وەکو دادوەرێکە چە ندەی بێلایەن بێت حوکمەکەی زیاتر لەدادپەروەریەوە نزیکتر دەبێت.

7- پێویستە مێژوونووس خاوەنی هەست و سۆزو زەوق و ئەندێشەو لێبووردەیی بێت، تا ئەو رادەیەی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێت، کە لەبیرو رای خەڵکانی تر تێبگات(عثمان، دار المعارف، ل19-20).

**باسی دووەم:**

**ئەرکەکانی مێژوونووس**

نووسینەوەی مێژوو بەرپرسیاریەتیەکی گەورەیە، لەبەرئەوەی تەنیا مامەڵە لەگەڵ رابردوویێك ناکات، کەوا کەسەکانی لە ژیاندا نەماون، بەڵکو راستەوخۆ ئەوانەش دەخاتە ژێر نەشتەرگەری پێنووسەکەی، کە هێشتا نەهاتوونەتە سەر گۆڕەپانی ژیان! ئەمە جگە لەوەی کاریگەریەکی راستەوخۆو گرنگی لەسەر رووداوەکانی ئێستاشدا هەیە، بۆ نمونە دەکرێت مێژوو وەك چەکێك بە کارهێنرێت بۆ پەرەپێدانی راسیزم و بەگژیەکداکردنی نەتەوەکان! بەشێوەیەك لەشێوەکان مێژوو بەرپرسیاریەتیەکی زۆری هەیە لە هەندێك تاوان و رەشەکوژی گەورە لەمێژوودا، بۆیە مێژوو بابەتێکە پێویستەزۆر بەهەستیاری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەمە ئەرکی مێژوونووس گرنگتر و سەختتر دەکات، هەندێك پێیان وایە، ئەرکەکانی مێژوونووس بەرامبەر خوێنەرەکانی، وەك ئەرکەکانی فرۆشیار وایە بەرامبەر کڕیارەکانی، کاری مێژوونووس وەك هەر کارێکی تری دەربارەی رابردوو، بەتەنیا ناکەوێتە سەر سەپاندنی داکەوتەکان ، بەڵکو دەکەوێتەسەر هەڵبژاردنی ئەو داکەوتانەش، کەکاریگەریان قووڵترەو دەلالەتیان زیاترە، دواتریش لەگەڵ یەکتریان دابنێت، لەراستیدا پرۆسەی ئەو هەڵبژاردن و لەگەڵ یەك تێکەڵکردنە، وەك پێداویستیەکی توێژینەوە، نەك راستەقینە، بەڵکو تا رادەیەکی زۆر هزری چاکەخوازی تەحەکومی پێدەکات(ریکور، 2009، ل144). بۆیە راست نییە، بڵێین مێژوونووس دەیەوێت شتەکان بگەڕێنێتە وە، وەك ئەوەی روویانداوە، هەرگیز ئامانجی مێژوونووس ئەوەنیە، کە رووداوەکانی رابردوودا دووبارەبژێیینەوە، بەڵکو ئەو دەیە وێت لەرێگای سیستەمی گەڕانەوە بۆ رابردوو، رووداوەکان سەرلەنوێ بەیەکەوە بنێتەوەو دایانبڕێژێتەوە، بابەتی بوونی مێژوویی، بە وردی ئەوە رەتدەکاتەوە، بانگەشەی ئەوە بکەین کەنووسینەوەی رابردوو دەقاو دەق دەبێت لەگەڵ ئەوەی لەرابردووی کرداری و بنە ڕەتیدا روویداوە! چونکە کاری مێژوونووس بیناکردنی سیستەماتیکی ریالیستە(واقعە) ولەماقووڵیەتی مێژوویی دەست پێدەکات، یە کێك لەئامانجەکانی نووسینەوەی مێژوو پەروەدەکردنی خودی مێژوونووسەکە خۆیەتی، لەبەرئەوەی بەقەدەر ئەوەی مێژوونووس مێژوو دروست دەکات، مێژووش مێژوونووس دروست دەکات(ولد اباه، 1994، ل37). چونکە ئەوە بە تەنیا رووداوەکان نین بە تێپە ڕینی زەمەن گۆڕانکاریان بەسەر دادێت، بەڵکو خودی مێژوونووسەکەش لەگۆڕانی بەردەوامدایە. بۆیە کاتێك کارێکی مێژووییمان دەکەوێتە دەست، ناکرێت لەسەر بەرگی کتێبەکە بەتەنیا لەناوی نووسەرەکەی بگەڕێین، بەڵکو پێویستە سەیری مێژووی بڵاوکردنەوە، یاخود مێژووی نووسینی نووسینەکەش بکەین، کە زۆر جار واتای زیاترە، ئەگەر راست بێت وەك فەیلەسووفەکان دەڵێن ئێمەناتوانین دوو جار لەئاوێکدا مەلەبکەین، بەهەمان شێوەدەتوانین بڵێین دوو کتێب ناتوانرێت لەلایەن هەمان مێژوونووسەوە بنووسرێتەوە (Carr,http://trfa.org.uk:P.117). ئەمەئەوە روونەدەکاتەوە، کە ئەوە مێژووە یاددانی مێژوونووس رۆشن دەکاتەوە، لەلایەکی تر، ئەوە مێژووی جیهانە دەتوانێت هەناسە وەبەر ئەو یاددانە بداتەوە، کە خەریکە لەناو دەچێت، بەگوێرەی خۆزگەکەی (کولنگۆورد - Collingwwood)، کە دەتوانرێت وا لەمێژوو بکرێت سەرلەنوێ ببێتەوە ئێستا! بەڵام ئەو خۆزگەیە توانای جێبەجێبوونی کەمێك ئاستەنگە! چونکە بۆ ئەوەی ئەو هەوڵ و خۆزگەیە بێتەدی، سەرەتا دەبێت خۆمان لەو شێوە گومانە رزگاربکەین، کە مێژوو زیانی بۆ یاددان(الذاکرە) هەیە، چونکە بە بێ ئەو رزگاربوونە مێژوو وەك دۆخی دەرمانەئەفسانەییەکەی لێدێت، کە لەکۆتایدا نازانین چارەسە رە یاخود ژارە، یاخود هەردووکیانە بەیەکەوە(ریکور، 2009، ل222).

لەماوەی شرۆڤەکردندا، پێویستە لەسەر مێژوونووس، لە خودی دۆکیومێنتەکان زیاتر، ئەو وردەکارییانە لە یاد نەکات، کە لە دوو توێی خودی دۆکیومێنتەکاندایەو پەیوەندیان بەبابەتەکەیەوە هەیە، دەبێت بەدرێژی لێیان بدوێت و توێژینەوەیان لەسەر بکات. لێرە دا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایا" مێژوونووس دەتوانێت باوەڕ بە دۆکیومێنتەکانی بەردەستی بکات و متمانەی پێیان هەبێت؟ رەنگ بێت وا باشتر بێت، کە بڵێین، ئایا کاتێك مێژوونووس بەدوورو درێژی باسی بابەتێك دەکات، بواری توانای باوەڕپێهێنان دەهێڵێتەوە !؟ یاخود دەشێ متمانەی پێبکرێت؟! ئەمەش نەك لەبەرئەوەی نووسینەوەی گێڕانەوە مێژووییەکە راستەو رووداوەکان وەك ئەوە روویانداوە، کە ئەو نووسیویەتی یاخود نا، بەڵکو لەبەرئەوەیە، ئەو گێڕانەوەیە لەگێڕانەوەکانی تر زیاتر لەراستیەوە نزیکە، بێگومان ئەمەش بەپشت بەستن بەوردترین پشکنین لەو سەرچاوانەی لەبەردەست دایە، نەك لەبەرئەوەی لەرووی بابەتیەوە دەتوانێت بڕیار لەسەر راستەقینەکە بدات، ئەمەش واتای ئەوەیە، ئەو نووسینەی لەبەردەستماندایە، زۆر لەوەدەچێت، کە هەر بەراستی روویدابێت ! بەواتایەکی تر مێژوونووس بڕیار لەسەر ئەوەدەدات، کەوا کام لایەن زیاتر راسترە(جوتشلك، 1966، ل163-164)، هاوکات لەسەر مێژوونووس پێویستە رۆڵێکی گرنگ لەسەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی رۆشنبیری و بەکارهێنانی رابردوو لەپێناو جێبەجێکردنی پێویستیە کانی ئێستاو تواناکانی دوارۆژ بگێڕێت، پێویستە لە پێناو ژیاندا ئەو کەلێن و بورجەعاجیانەە، کو مێژووی ئەکادیمی دروستی کردووەو وایکردووە لە هێزی راستەقینەی مێژوو دابڕێت، نەهێڵرێت، ئەمەش پێداویستیەکی گرنگە لەپێناو رۆشنبیری و لە پێناو جیهانیشدا (کوسکا:http://www.alwasatnews.com). ئەمەیە، کەئەرکی مێژوونووس لەئەرکی ئەو کەسانەی، کە لەکایەکانی تری وێژەو زانستە کۆمەڵایەتیەکانی تردا کاردەکەن، گرانتر دەکات. بۆ نمونە ئەرکی شاعیر ئەوەنیە، ئەو شتانەبگێڕێتەوە، کەروویداوە، بەڵکو ئەو گێڕانەوەی ئەو شتانەیە، کە لەوانەیە رووبدات! بەمەرجێك ئەو (لەوانەیە) بکەوێتە ژێر رێسای ئەگەرەکان یاخود رێسای حەتمەیت. کەواتە بە تەنیا نووسینی هەڵبەست، یاخود پەخشان نیە، شاعیر لەمێژوونووس جیادەکاتەوە، کارەکانی هیرۆدۆت نمونەیەکە لە مێژوو، دەکرا وەکو هەڵبەست دابڕێژرێت، ، بەڵام ئەگەر بەرێگای پەخشان، یاخود هەڵبەست بنووسرابوایەوە هیچی لە بەهای نووسینەکە کەم نەکردەوە، جیاوازیە راستەقینەکە لێرەدا ئەوەیە، مێژوو باسی ئەو شتانەدەکات، کەروویانداوە، بەڵام هۆنراوە باسی ئەو شتانەدەکات، کە لەوانەیە رووبدات، لەسەر ئەو بنەمایە هەندێك پێیان وایە، کە هۆنراوە بابەتێکی فەلسەفیەو بەهای لە مێژوو زیاترە، هۆنراوە زیاتر بەلای کۆی راستەقینەکە، یاخود راستەقینە گشتیەکە دادەچێت و دەریدەبڕێت، لەکاتێکدا مێژوو راستە قینە تایبەتەکە، یاخود تاکیەکە دەربڕێت، مەبەستیش لەراستەقینە گشتیەکە، یاخود کۆی راستەقینەکە ئەوەیە، کەوا شێوەیەکی دیاریکراو لەخەڵك، بنەما لەسەر ئەگەرەکان یاخود حەتمیەتەکاندا، لەهەڵوێستێکدا ئەنجامی دەدات یاخود دەریدەبڕێت، ئەمە ئەو راستەقینە گشتیەیە، کە هۆنراوە ئامانجیەتی، هەرچی راستەقینە تایبەتەکە، یاخود تاکیەکەیە، ئەوەئەو راستەقینەیە، کەدەتوانین وە ك گەواهینامەیەك باسی لێوەبکەین(ارسطو، مکتبەالانجلو المصریە، ل114).

ئەرکی مێژوونووس ئەوەیە، راستەقینە مێژووییەکان ئاشکرا بکات و دواتر بیانخاتە روو، بۆ ئەوەی ئەو راستەقینانە خۆیان دە ربارەی خۆیان بدوێن. جێگای ئاماژە پێکردنە بەشێك لە مێژوونووسان ئەو قسانە بە جۆرێك لەخۆ بەزلزانین دەزانن و پێیان وایە لەگە ڵ سروشتی توێژینەوەی مێژوویدا ناگونجێت، ئەوانە وای دەبینن مێژوو تەنیا هێنانەوەی رووداوەکانی رابردوو نیە وەك ئەوەی هە بووەو باو بووە، لای ئەوان، راستەقینەی مێژوویی، وەك ئەوەی مێژوونووسە پۆزەتیڤیستەکان بەدوایدا دەگەڕێن، لەتراویلکەیەك زیاتر نیە، کەلەسەر شێوەی وەسف دایدەڕێژن و ناوی دەنێن راستەقینەی مێژوویی، دواتر بانگەشەی ئەوەی بۆ دەکەن، کە خۆی دە توانێت دەربڕین لەخۆی بکات! لەروانگەی ئەو مێژوونووسانەوە، گێڕانەوەی رووداوەکانی رابردوو وەك ئەوەی روویانداوە تەنیا (خە وێکی چاکە) و لەواقعدا نایەتەدی، بابەتی بوونی نووسینی مێژوویی، سەرئەنجامی باوەڕبوونی مێژوونووسە بەوشتەی، کە دەیەوێت بیگاتێ، پێیان وایە هەموو پێکهاتەیەکی مێژوویی ملکەچی هەڵبژاردنی رێکخراو بۆ رووداوەکان و لەسەر شێوەی بونیادی مێژوویی، دەبێت! ئەو بونیادەبەشێك نیەلە داکەوتە و راستەقینەی ئەوەی لەرابردوودا روویداوە، بەڵکو لەدەستکردو دروستکردنی مێژوونووسەو کەوتۆتەژێر کاریگەری مەسەلەکانی ئێستاو روانگەو بۆچوونە پێشوەختەکانی مێژوونووسەکەخۆی. ئەو راستەقینە مێژووییانەی لەکاتی ئێستادا هەیە، رێك ئەوەیە، کە لەئاوەزی خودی مێژوونووسەکە خۆیدایە، نەك ئەوەی‌لەرابردوودا روویداوە! ئە وانە (تەزار یۆلیۆس) ئیمپراتۆریای رۆما بە نمونە دەهێننەوە کاتێك لەرووباری (رۆبیکۆن) پەڕیەوە، پێیان وایە راستەقینەیەکی مێژوویی نیە، بەڵکو دەربڕینێکی زمانەوانیە، چونکە لەپاڵ ئەوەدا بەسەدان رووداوی تر روویداوە بەڵام مێژوونووسان ئەو رووداوە یان بەسەنتەر کردووەو کردوویانەتە رووداوێکی مێژوویی!( فرو، 2013، ل23-24).

لەروانگەی زەمەنی ئێستاوە، مێژوو دوو لایەنمان نیشان دەدات، یەکەم لەگەڕان بەدوای داکەوتە مێژووییەکاندا، مێژوو لایەنێکی بابەتیانەی هەیە، مێژوونوس لەزۆربەی کاتدا رووبەرووی دوو کێشە دەبێتەوە، یەکەمیان ئەو پرسیارەیە، کە لەدەوری راستگۆیی و متمانەو راستەقینە بووندا دەخوولێتەوە، هەروەها ئەو پرسیارانەی، کەدەربارەی بێلایەن بوونی کەسی مێژوونووسەوەدە وروژێنرێت، وەکو بێلایەنی رۆشنبیری و گریمانەکان و ئەو فاکتەرانەی یارمەتی پێکهێنانی مێژوو دەدەن، لەبەرئەوەی مێژوونووس توانای ئەوەی نیە راستەوخۆ بگاتە رووداوەکان ، چونکە لەنێوان رووداوەکاندا دیواریکی زەمەنی هەیە، راستەقینەکان یەکجارو بۆ

هەمووان وەکو یەك روودەدەن، دوای ئەوە ناتوانرێت وەك خۆی بەتەواوی بگەڕێنرێتەوە. هاوکات مێژوو لایەنی کەسیشی تێدایە، لەراڤەکردن و تێکەڵ بەیەکتربوونی راستەقینەکان، هەمان پرسیار دەربارەی جێگای متمانەیی هەڵبژاردنی دەقەکانیشەوە دە وروژێنرێت، ئەو بەڵگانەی دەکەونە بەردەست پێویستە کاریگەریان لەسەر پرۆسەی راڤەکردنەکە هەبێت، هەندێك کەس ناو لەمە دەنێن کێشەی مێژوونووس، چونکە ئەو چەمکانەی هەیە، تەنیا ئەو راستەقینانە دیاردەکات، کەجێگای بایەخن، تەنانەت ئەو چە مکانەیە، ئەو زمانە دیاریدەکات، کە راستەقینەکەی پێدەگوترێت، بۆئەوەی نووسینەکە لەرابردو و دەسەڵاتەکانی مێژوونووس دووربخاتەوە. بۆ نمونەلەشەڕی کورتی نێوان بەریتانیاو ئەرجەنتین لەسەرەتاکانی 1980، میدیای ئەمریکی بێلایەنی خۆی لەدەست دابوو کاتێك دەیگوت دورگەی فۆکلاند و نەیدەگوت دورگەی مالفیناس، وەك ئەوەی ئەرجەنتینیەکان ناویان دەهێنا :Samson) .http://www.contra-mundum.org)

لەپاڵ ئەمەدا، هێڵی تری ئەلتەرناتیڤ بۆ گریمانەکان هەیە، کاتێك مێژوونووس بۆ ئەوەی توێژینەوە لەسەر رابردوو بکات پشتیان پێدەبەستێت، ئەگەر بیەوێت هووشیارانە لەپێناو رابردوو، لەرابردوو تێبگات! چونکە وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، هەرگیز ناتوانێت خۆی لەشارۆچکەکەی و سەردەمەکەی خۆی دابڕێت، ئەمەشە، کە مێژوونووسی رزگاریخوازەکان لەمێژوونووسی تقلیدی جیا دەکاتەوە، کە لەپێناو ئێستادا توێژینەوە لەرابردوودا دەکات. لەراستیدا تێگەیشتنێکی راستەقینە بۆ مێژوو لەرێگای ملکەچ پێکردنی رابردوو بۆ ئێستا نابێت، بەڵکو بەهۆی ئەوەی، کە دەمانەوێت لە رێگای رابردوو، بەچاوی سەدەیەکی ترەوە سەیری ئێستا بکەین ! لە راستیدا مێژوونووس ناگاتە تێگەیشتنێکی راستەقینە بۆ مێژوو تاوەکو نەگاتە ئەو قۆناغەی، کە ئاوەزی تیادا دەحەسێتەوە. کاتێك مێژوونووس رووناکی دەخاتە سەر رابردوو دەیەوێت بگاتە خاڵەجیاوازەکانی رابردوو لەگەڵ ئێستا، هاوکات دەتوانێت نەك بە تەنیا لەسەر ئێستا، بەڵکو پرسیار دەربارەی رابردووش بکات، ، بۆ نمونەبپرسێت بۆچی لەسەدەی شازدەهەمدا مرۆڤەکان تا ئەو رادە یە چەوسێنراونەتەوە؟(Butterfield ,https://cdn.preterhuman.net:P.14-15).

ئەو مێژوونووسەی توێژینەوە لەسەر رووداوێك لەرووداوەکانی رابردوو دەکات، دەبێت جیاوازی لەنێوان لایەنی ناوخۆو لایەنی دەرەوەی رووداو بکات. لایەنی دەرەوەی رووداو، واتە شتێك، کە دەتوانرێت لەسەر بنەمای جەستەکان و جووڵەکانیان وەسفی بۆ بکرێت، بۆ نمونە تەزارو هەندێك لەپیاوەکانی لەمێژوویکی دیاریکراودا بەسەر رووباری (رۆبیکون) پەڕینەوە، یاخود لەمێژوویکی تردا خوێنی لەسەر زەوی ئەنجومەنی پیراندا رژا، لایەنی ناوخۆی رووداوەکە، ئەو لایەنەیە، کە دەتوانرێت بەتەنیا لەسەر بنەمای هزرەوە وەسفی بۆ بکرێت، بۆ نمونە، تەزار بەرەنگاری یاسای کۆماری بووەوە... مێژوونووس ناتوانێت بەتەنیا پشت بەلایەنە دەرەکی یاخود ناوەکی رووداوەکە ببەستێت و بیخاتەروو، بەڵکو دەبێت لەهەردوو لایەنەوە سەیری رووداوەکان بکات، چونکە بە تەنیا توێژینەوە لەسەر رووداوەکان ناکات، بەڵکو ئەو خودی رووداوەکان دەخاتەروو، تەنیا بەو کارەش دەتوانێت هەردوو لایەنی ناوخۆیی و دەرەکی رووداوەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە(کولنجوود، 1968، ل374). بۆیە پێویستە بەر لەهەموو شتێك، بەگوێرەی ئەو رووداوە مێژووییەکان دیاردە کۆمەڵایەتیەکان شیبکاتەوە و ئەو دیاردەکۆمەڵایەتیانەی لە رووداوەکاندا بەرجەستەدەبێت راڤەبکات، بەو شێوەیەی، کەخەڵك تیایدا ژیاون و وێنایان کردووە، مێژوونووس لەهەوڵدانی بۆ کۆکردنەوەو راڤەکردنی ئەو شتانەی بە شێوەیەکی دیاریکراو هاتۆتە بەرچاوی خەڵك، کە رەنگدانەوەو دەرئەنجامی وێناکردن و کردارەکانیانە(یاخود وێناکردن و کرداری هە ندێکیان)، درکێکی تەواو بەوەدەکات، کەپێویستە لەسەری پەنا بۆ هەموو خۆئامادەکردنە ناهەستیەکان ببات، چونکە لەکاتی ئێستادا مێژوو ئەو زەمەنەی تێپەڕاندووە، کە بەتەنیا مێژووی سیاسی بێت، تەنیا مێژووی بنەماڵە فەرمانڕەواکان و شەڕو شۆڕەکان بێت. لە کاتی ئێستادا، لەدوتوێی ئاوەزمەندیە لاوەکیەکان و راڤەکردنە نوێیەکاندا، ، بۆ نمونە مێژووی ئابووری تا رادەیەکی زۆر مێژووی پرۆسە ناهەستیەکانە، بۆیە دەبینین مێژوو لە کتێبە مێژووییەنوێیەکاندا بە ئەنتۆلۆژیا موتوربەدەبێت (ستروس، 1977، ل42).

**بەکورتی پێویستە مێژوونووس لەئەرکەکانیدا رەچاوی چەند خاڵێکی بنەڕەتی بکات:**

1- روونی و ئاشکرایی، واتە پێویستە بەزمانێکی ئاسان و روون بنووسێت.
2- ئەمانەت، پێویستە لەگەڵ خوێنەرەکانی راستگۆ بیت و شتیان لێ نەشارێتەوە.
3- بابەتی بوون، ئەوەی پاڵ بەمێژوونووسەوە دەنێت، داواکردنی راستەقینەیە لەرابردوودا، بۆیە پێویستە بێلایەنی خۆی بپارێزێت و پەنا بۆ حوکمی پێشینەنەبات.
4- نوێبوونەوە، پێویستە هەمان ئەو شتانە دووبارە نەکاتەوە، کە ئەوانەی پێش ئەو نووسیویانە، بەڵکو دەبێت هەوڵبدا شتی نوێ بدۆزێتەوە.
5- سۆزك کردن(التشويق)، پێویستە هەمیشە بایەخ بەخوێنەرانی بدات و لەوە بپرسێت، کەئایا شتەکانی دەخوێنرێتەوە یاخود نا، بەبێ ئەوەی کار لەناوەڕۆکی نووسینەکەی بکات، پێویستە مێژوونووس ببێتە خزمەتکاری راستەقینەو لەهەمان کاتدا رێزی خوێنەرەکانیشی بگرێت(تویلیەو تولار، 1999، ل 98).

**بەشی دووەم:**

**گێڕانەوەو ڕووداوی مێژوویی**

**باسی یەکەم:**

**گێڕانەوەی مێژوویی**

تۆمارکردنی مێژوو، سەرەتا بەگێڕانەوە دەست پێدەکات، دواتر هەوڵدەدرێت بە وێنە لەسەر دیوارەکان بکێشرێت، کە ئە مانە هەمووی ئەندێشەی تیا بەکارهاتووە،بۆیە دەبینین مێژوو سەرەتا لەرێگای ئەفسانەوە بووە، سەیری هەر ئەفسانەیك بکەین گێڕانەوەیەك و بنەمایەکی مێژوویی بەخۆوەدەگرێت، دوای ئەوەی نووسین پەیدا دەبێت و زمان بەرەو پێشەوەدەچێت، گێڕانەوە دە بێتە بابەتێکی ئاڵۆز و توێژینەوەی زانستی وردی لەسەر ئەنجام دەدرێت، گێڕانەوە زۆر لە بوارە ئەدەبیەکانیش دەگرێتەوە، جا ئەگەر بێت و ئەو گێڕانەوەیە لەرێگای هەڵبەست بێت یاخود پەخشان، گێڕانەوەی چنینەکانی ئەندێشەب ێت، یاخود تێکەڵکردنی ئەندێشە بێت بە ژیان. بەڵام ئەوەی گێڕانەوەی مێژوویی لەگێڕانەوەی وێژەیی جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە گێڕانەوەی مێژوویی دەربارەی ڕووداوێکە، یاخود مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری. .هتد، کەبەراستی و بەشێوەیەکی کرداری ڕوویداوە، بلەگەڵ ئەوە شدا ناتوانرێت بەتەواوی لە سۆزو ئەندێشە پاك بکرێتەوە، چونکە مێژوونووسیش وەك هەر مرۆڤێکی تر ڕوانین و بۆچوونی خۆی هەیە، پاشان زمان هەرگیز لەتوانایدا نیە، کەڕووداوەکان کت و مت وەك خۆی بگێڕێتەوە، ئاوەزی مرۆڤ بەشێوەیەك لەشێوەکان مۆرکی خۆی هەر پێوە دەلکێنێت، ئەمەشە وا لە ئەدەب دەکات، کە تەنانەت ڕووداوە ڕاستەقینەو ڕیالیستیەکانیش بەریالیستی هونە ری ناوزەد بکرێت، چونکە ئەو ڕووداوانە لەرێگای ئاوەزێکەوە دەگوازرێتەوەو مامەلەی لەگەڵدا دەکرێت، کە تایبەتمەندی و دنیا بینی خۆی هەیە. ئەمە وایکردووە زۆر لەزاناکان بگەنە ئەو بڕوایەی، هەموو سەردەمێك پێویستە مێژوو لەڕوانگەی خۆی بنووسێتەوە ، لەبەرئەوەی خەمڵاندنی هەر سەردەمێك بەو پێیەی، کەواتای هەیەو گرنگە، جیاوازەلەگەڵ خەمڵاندنی سەردەمێکی تر، هەروەها هەموو سەردەمێك لەرێگای بایەخدان و ئەو هزرانەی لەئارادان، ڕابردوو دەبینێت، لێرەوە زۆر لەمێژوونووسان دەڵێن کەوا مێژوو گفتوگۆیەکە، لەنێوان ئێستاو ڕابردوو، ئەمەش لەخودی خۆیدا لایەنێك لەلایەنەگرنگەکانی چێژ وەرگرتن لەنووسینەوەی مێژوو ئاشکرا دەکات، مێژوو بەسروشتی خۆی (وەك توێژینەوەیەك بۆ مرۆڤ و کردارەکانی)ئەو وێنەیەی، کەمێژوونووس دەیبینێت، بە شێوەیەکی ڕوون دەکەوێتە ژێر کاریگەری دۆخی ماتریالی و واتای ئەو نێوەندەی، کەتیایدا دەژی، ئەمەش کەم و کوڕی و جێگای شە رمەیەك نیە، کە بێتەسەر مێژوو، چونکە هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەکەونە ژێر ئەو کاریگەریانە، بۆ نمونە وێنەی شاعیری عە رەب (موتەنەبی)، وەك ئەوەی مێژوونووسێکی ئەدەب لەسەدەی هەژدەهەمدا دەیکێشێت جیاوازە لەوەی، کە مێژوونووسێکی ئەدە ب لەسەردەمی ئەمڕۆماندا دەیکێشێت...( تویلیەو تولار، 1999، ل 98). بەهەمان شێوەئەگەر هەر شاعیرێکی کورد لەقۆناغێکی دیاریکراودا وەرگریت ئەو ڕاستەقینەی لەسەر پراکتیزەدەبێت.

لە ڕاستیدا پەیوەندی لەنێوان مێژو و گێڕانەوەدا هەرچەندە بەهێز بێت، ئەوە ناگەیەنێت، کە مێژوو گێڕانەوەیەو گێڕانەوە ش مێژووە! واتە هەرچەندە پەیوەیندی لەنێوان گێڕانەوهو مێژوو بەهێز بێت، ئەو پەیوەندیە پەیوەندی ناسنامەو چوون یەك بوونی تەواو نیە، بەقەدەر ئەوەی، کە پەیوەیندی تێکەڵ بوون و ئاڵ و گۆڕی وەزیفیە، چونکە هەمیشە کەلێنێك لەنێوان شیکردنەوەی گێڕانەوەو شیکردنەوەی مێژوویی دەمێنێتەوە، ئەو کەلێنەی ،کە خودی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت، ئەو **کەلێنەیە ڕێگامان** لێدە گرێت، کە وەك جۆرێك لەچیرۆك سەیری مێژوو بکەین، لەبەرئەوەی لەنێوان ئەوەی، کە تیایدا دەژین و ئەوەی دەیگێڕینەوە، دوورکەوتنەوەیەك هەیە هەرچەندە کەمیش بێت، ئەو دوورکەوتنەوەیە، کەوا بوونی مێژوو دەپارێزێت، بەو پێیەی، کە مێژووە( بلخن، 2010، ل 56). پرۆسەی گێڕانەوەی مێژوویی شێوەیەکی گشتگیری نیەو لەکۆی چەند ڕستەیەکی یەك بەدوای یەکدا پێکدێت، دەتوانین پێناسەی ڕستەی گێڕانەوە بەوە بکەین، "بەلایەنی کەم ئاماژە بەدوو ڕووداو دەکات، کە لەرووی زەمەنیەوەلەیەکتر جیاوازن، هەرچەندە تەنیا بەوەسفکردنی ڕووداوی یەکەم دەوەستێت و ئاماژەی بۆ دەکات، یاخود بەشێوەیەکی وردتر دەتوانین بڵێین کە:"ئاماژە بۆ دوو ڕووداوی لەیەکتر جیاواز لەڕووی زەمەنیەوەدەکات، وەکو ح1 و ح2، وەسفی ئەو ڕووداوە دەکات، یەکەم جار ئاماژەی پێدەکات، پێویستە ئەوەش بڵێین، کە دەبێت هەردوو ڕووداوەکە لەڕابردووی ئەو زەمەنەبن، کەڕووداوەکە، یاخود باسە کەی تیا دەگێڕدرێتەوە، بۆیە ڕستەی گێڕانەوە سێ پێگەی زەمەنی لەخۆوەدەگرێت، پێگەی یەکەم پەیوەندی بەو ڕووداوەوە هەیە، کە وەسف دەکرێت، هەروەها ئەو پێگەیەی پەیوەندی بەو ڕووداوەوە هەیە، کە بەگوێرەی ئەو، وەسفی ڕووداوی یەکەم دەکرێت، پێگەی سێیەم، ئەو پێگەیەی، کە پەیوەندی بەو کەسەوە هەیە، کە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە(ریکور، 2006، ل230) ، دوو پێگەی یەکە م پەیوەندیان بە(گوتن)ەوە هەیە، هی سێیەمیشیان پەیوەندی بە(گوترا) وەوە هەیە.

گێڕانەوەی مێژوویی لای (پۆل ریکور) ڕێکخستنی جیاوازیەکان و بەیەکەوەنەگونجاوەکانە. بەڕێوەبردنی جیاوازیەکان، کە دابەشکردن و دانانێکی ڕێکخراوانەی ڕووداوەکان و کردارەکان و هەست و سۆزەکانە، هەروەها گونجاندنێکی وێنەییە، یاخود دانانێکی پێکهاتەییەو داکەوتەکان و کردارەکان و هەستەکانی تیا ئاوێتە دەبێت،... لەمەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کەچەمکی گێڕانەوە لای (ریکۆر) خۆی لەدوو واتادا دەبینێتەوە: واتای یەکەم بەیەکەوە کۆکردنەوەی شتەپەرت و بڵاوەکانە، واتای دووەم، بەیە کەوە لکاندنی ئەو پارچانەیە لەیەکیەتیەکی یەکگرتوودا، لەهەموو ئەمانەشدا گێڕانەوە ئامڕازێك نیەبۆ دەلالەت، بەڵکو ئەو لەخودی خۆیدا دەلالەتە، هاوکات گێڕانەوە بەتەنیا پەیوەندی بە بەیەکەوە گرێدانی ڕووداوە پارچە پارچەو پەرت و بڵاوەکان نیە، بەڵکو

خودی ڕووداوەکان خۆیەتی(بلخن، 2010، ل30). ڕووداوەکان بۆ ئەوەی وێنە مێژووییەکە بگەیەنن و یارمەتی مێژوونووس بدەن لەوە ی، کە ئەوەی دەیەوێت بەدروستی بیگەیەنێت، پێویستی بەچینەوە هەیە، واتە پەیوەندی بە بونیادی ڕووداوەکانەوە هەیە، لەو چینەوەیەدا، ئەو نووسینانەی، کە زادەی ئەندێشەن وەکو وێژەو هونەر، لەو نووسینانە جوێدەکرێنەوە، کەزادەی ئاوەزن، وەك فە لسەفەو مێژوو زانستە کۆمەڵایەتیەکانی تر. ئەگەر درامایەك بۆ نمونە وەرگرین، دەبینین، کەبونیاتنانی ڕووداوەکان لەهەموو ڕەگەزە کانی دراماکە گرنگترە، لە تراژیدیادا لاسایی کەسەکان ناکرێتەوە، بەڵکو لاسایی کردارەکان دەکرێتەوە، بەو پێیەی کەوا ژیان بەختەوە ری و دەردەسەری تیادایە، بەختەوەری و دەردەسەریش وێنەی کردارەکان بەخۆوە دەگرێت، ئەو ئامانجانەی، کە لەژیاندا هەوڵی بۆ دەدەین ئەنجامدانی شێوەیەکی دیاری کردارە، نەك تایبەتمەندیەك لەتایبەتمەندیەکانی، کردار.کەسایەتی و تایبەتمەندیەکان دەبە خشێت، جا ئەگەر بێتوو کردارەکانمان، بەختەوەری یاخود دەردەسەری دەبن، بەم چەشنە دراما کردارەکان بەکاردەهێنێت بۆئەوەی وێنەی کەسایەتیەکان بکێشێت، ئەو لەبەرئەوە توخنی کەسایەتیەکان دەکەوێت چونکە پەیوەندیان بەکردارەکانەوە، لەگەڵ ئەمەش ڕێڕەوی ڕووداوەکان واتە چنینەکە(الحبکە) ئامانجی تراژیدیاکە پێکدەهێنێت، ئامانجیش گرنگترین شتە لە هەموو شتێکدا(ارسطو، مکتبەالانجلو المصریە، ل97). دیارە، کە خودی پرۆسەی چنین کردارێکی لەخۆوەگرتن و نێوەندگیرە بە سێ واتا:

1-لەنێوان ڕووداوەکان و داکەوتەکان.
2-بەخۆوە گرتنی ڕەگەزە پەرش و بڵاوەکان لەسەر ئاستی بکەرەکان، ئامانجەکان، ئامرازەکان و ئەنجامەکان.
3-لەخۆوەگرتنی ڕەگەزە زەمەنیە پەرش و بڵاوەکان (بلخن، 2010، ل 49).

هەر لەو سۆنگەیەشەوە، دەتوانین بەسێ ڕێگاو بە گەڕانەوە بۆ دواوەپرسیاربکەین، یەکەمیان ئەو ڕێگایەی، کە بەهۆی کارراییەکانی ڕاڤەکردنی مێژووی زانست بەڕێوە دەچێت، بەگەڕانەوە بۆ هێزی ڕاڤەکردنەکە، کە چنینی گێڕانەوە لەخۆیەوە دەگرێت، ڕێگای دووەم ئەو ڕێگایەیە، کە لەو قەوارانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە مێژوونووس بەهۆی گەڕانەوەی بۆ کەسایەتیەکانی گێڕانەوە کە بەیەکەوەیان دەنێت، دوا ڕێگاش ئەو ڕێگایەیە، کە لەڕێگای فرەزەمەنی لەمێژوودا، بەگەڕانەوە بۆ دیالیکتیکی گێڕانەوەی زەمەنی، پێکدێت، شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، کە لە گێڕانەوەی مێژوویدا ئەو سێ ڕێگایە هەمیشە بەیەکەوەن و هەرگیز لە یەکتر جیا ناکرێنەوە (ریکور، 2006، ل302)، بۆ نمونە ئەگەر چنینی ڕووداوەکان لەچرکەیەکدا پەیوەندی بەسیاسەتی جیهانی ناپلیۆنەوە، یاخود بە (سوپای مەزنی ناپلۆنیەوە) هەبوو بێت، ئەوا مۆراڵ و هەڵوێستەکانی و گوێڕایەڵ بوونی سوپا بۆ بڕیارەکانی سەرکردەکانی پاسەوانی ئیمپراتۆری، دەبنە ڕووداوێك و پەیوەندیەکی پتەویان بە بابەتەکەوە دەبێت، هاوکات دەبێت لەهۆکارەکانیان بکۆڵینەوە، بەڵام ئاستە نگەکەلە زیادکردنی چنینەوەیەکە بۆ چنینەوەیەکی تر، تا دەگەیتە کۆی ڕووداوەکە، واتە ئاستەنگەکە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی کۆی (ئەنجامەکان)دایە، کاتێك نیرۆن دەبێتەپاڵەوان، هێندەی بەسە، کە بە پیاوەکانی بڵێت گوێڕایەڵم بن، یا خودی پاسەوانەکان دەبنە پاڵەوان، ئەو کاتە تراژیدیایەکی جیاواز دەنووسرێتەوە! لەبەرئەوەی لەمێژوودا، وەك شانۆنامە، ناتوانرێت هەمووشتەکان لەیەك کاتدا بخرێتە ڕوو، چونکە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لەلاپەڕەی دەوێت، لەهەمان کاتدا ئێمەڕووداوی یەکەمینمان نیە، واتەڕووداوێکمان نیە، کە یەکەم ڕووداو بێت(ڤین، 1998، ل64). چونکە لەمێژوودا سەرەتا وەکو کۆتایی دیار نیە! لەڕاستیدا پەیوەندیەکانی نێوان نووسینی مێژوو لەگەڵ چنین، ئەو پرۆسەیە، کە مێژوونووس بەرزی دەکاتەوە بۆ پێگەی گوفتاری باڵادەست(هەژموونکار) لەهونەری نووسین، وەك لاسایکردنەوەیەك بۆ کردارێك لەکردارەکان(ریکور، 2006، ل355).

لەهەموو حاڵەتەکاندا، لەگێڕانەوەی مێژوویدا دەبێت ئامانجێك هەبێت، یاخود نیازێك هەبێت لەو گێڕانەوەیەدا، چونکە گێڕانەوە لەمێژوودا لەپێناو گێڕانەوەو کات بەسەر بردن نیە، بەڵکوو مێژوو کێلگەیەکی ئەزموونکاری ڕەفتارەکان و ژیانی مرۆڤە، کارگەیەکە هەوڵدەدات لەڕێگای ڕابردووەوە، داهاتوو بەرهەم بهێنرێت، بەڵام پێویستەئەوە بزانین، کە سروشتی مێژوو بەتەنیا بوونی گێڕانەوەو بوونی نیازێك بەخۆوەناگرێت، بەڵکو لەپاڵ ئەمانەشدا مێژوو سروشتی ڕەمزی و ئەندێشەیی هەیە، کە بەم شێوەیە ی خوارەوە دەتوانین پۆلینیان بکەین:

1-سروشتی ڕەمزی:

أ-ڕەمزی نێواخنی خۆی لەواتا دەدۆزێتەوە.

ب- ڕەمزە ڕاشکاوەکان، کە لەخوێندنەوەی ڕاستەوخۆدا هەستی پێدەکەین و بەرجەستەی دەکەین.

2-سروشتی ئەندێشەیی :ئەگەر حیکایەتخوان وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ پێویستیەکانی چنین ڕووداوەکانی دابهێنێت، ئەوا مێژوونووس ڕووداوەکانی چیرۆکەکانی داناهێنێت، بەڵکو پێویستە بیاندۆزێتەوە، لەبەرئەوەی پێشتر لەلایەن مرۆڤە بکەرەکانەوە داهێنراوە، بە واتایەکی تر سەرچاوەی بنەڕەتی چیرۆك ئەندێشەیەو سەرچاوەی بنەڕەتی مێژووش داکەوتەکانە(بلخن، 2010، ل 62).

کەواتە مێژوونووس تەنیا مافی ئەوەی نیە چیرۆك دەربارەی ڕابردوو بگێڕێتەوە، بەڵکو دەتوانێت هەوڵ بدات، کە بە ویژدانەوە تەواوی ناواخنی ڕابردووی مێژوویی بخاتەڕوو، ڕابردووی مێژوویش، بەر لەهەموو شت بوونەوەری مرۆڤایەتی تیایە، سەرباری ئەوە ی کرداری ئەو هێزانە وەردەگرێت، ئەو لەپێناو هێنانەدی پرۆژەکانی ژیان، لەگەڵ، یاخود دژی هەموو ئەو هێزانەکار دەکات، کە سیمای درامایی و فیتنەیان پێوە دیارەو پڕن لەواتا، بەهەمان ئەو شێوەی، کە لە جۆرەکانی تری چیرۆك، وەك ئەفسانەو نمونەی ئاینی و ئەندێشەی ئەدەبی ڕووبەڕووی دەبینەوە. (پۆل ریکۆر) لەو بارەیەوە جیاکاری لەنێوان ئەندێشەی ئەدەبی و نووسینی مێژوویی ناسڕێتەوە، بەڵکو هێڵی ناو بڕ لەنێوانیان ناهێڵێت، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت هەردووکیان (ئەندێشەی ئەدەبی و نووسینی

مێژوویی) ئینتیمایان بۆ وتاری رەمزی هەیەو هەردووکیان یەك سەرچاوەیان هەیە. لەکاتێکدا ئەو بەئازادی دان بەوەدا دەنێت، کە ئەدەب و مێژوو لەسەرچاوەی راستەوخۆوە جیاوازن، کە رووداوی راستەقینەو ئەندێشەیە، بەڵام جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە، کە مادامەکونێ هەردووکیان یەك چنین بۆ چیرۆکەکان بەرهەم دەهێنن، سەرچاوەی کۆتاییان تاقیکردنەوەی مرۆڤایەتیە لەزەمەندا، واتە بونیادی زەمەنیە(وایت، 1999، ل 195)، ئەمە وادەکات، کە مێژوو وەك بەشێك لەگێڕانەوە هەژمار بێت، بەمەش تارادەیەکی زۆر مۆرکی زانستی بوون لەدەست دەدات.

بەدۆزینەوەو پێشکەوتنی پرۆسەی نووسین، لەدواجاردا مێژوو لەدەستی ئەو کەسانە وەرگیرایەوە، کە دەگەڕان و چیرۆکیان دەگێڕایەوە، مێژوو وەك ئامرازێك قبووڵکرا، بۆئەوەی بەکاریبهێنن تاوەکو زیاترو زیاتر لەخۆمان تێبگەین و شوێنێك بۆ خۆمان لەبەر هەتاو دابین بکەین، زۆر بەروونی درك بەوە بکەین، کە ئێمە دەمانەوێت چی بکەین و هەوڵ بۆچی دەدەین، رەنگ بێت متمانەیەکی زۆریشمان بەتوێژینەوەی ئەو لایەنەی خۆمان هەبێت، بۆیە مەودای بیرکردنەوە لەمێژوو گەرم و گوڕی زیاتری لە حوکمدان بۆ هێشتینەوە، مێژوونووس وەکو هەموو کەسێکی تری پرۆفیشناڵ، لە سنووری بابەتەکەی خۆیدا زێدەڕۆیی دەکات و دەیەوێت لەمێژوو، زیاتر لەوە بەدەست بێنێت، کە مێژوو دەتوانێت بیبەخشێت، بۆئەوەی چیرۆکەکانی بێنێتەدی و بیانگەو حوکمی نا کۆتایی پێشکەش بکات، کە هیچ شتێك لەو کەرەستانەی لەبەردەستیدان، تەنانەت پرۆسەی توێژینەوەکەشی ئەو پاساوەی بۆ ناهێننەوە، سەرباری هەموو ئەو هەڵانە، مێژوونووسی راستڕەو دەیەوێت بگاتەچەند حوکمێك لە بەهاکان، بۆئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی مێژوو بداتەوە، بڕیار لەسەر مەسەلەکان بدات و لە دیالێکتیکەکەشدا دوا وتە بدات بەمێژوونووس، وا دێنێتە بەرچاو، کە ئەمە یەکلایی کەرەوە نیە، بەڵام دەتوانێت حوکمی تیا بدات، ئارەزووی ئەوە دەکات، بگاتە ئەو بیرۆکە گشتیەی، کە دەڵێت دەتوانین لەرێی مێژووەوە راستەقینە بسەلمێنین، ئەمەش ئەو وانەیەیە، کە دەتوانرێت دووربخرێتەوەو لەدووری رووداوەکانی زنجیرەیەکی دیاریکراو لەرووداوەکانی مێژوو، بیری لێبکرێتەوە(Butterfield, https://cdn.preterhuman.net:P.37).

**باسی دووەم:**

**رووداوی مێژوویی**

لەتوێژینەوەی مێژوویدا، رووداو رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت و بەکرۆکی مێژوو هەژمار دەکرێت، بەشێوەیەك کاتێك باس لە مێژوو دەکرێت، وەك ئەوە وایە تەنیا باس لەرووداوی مێژوویی بکرێت، ئەم میتۆدە تا سەرهەڵدانی قوتابخانە نوێیەکانی مێژوو، بە تایبەتیش قوتابخانەی کرۆنۆلۆژی لەنووسینەوەی مێژوویدا بەردەوام بوو، ئەوان هەوڵیاندا لەبایەخی رووداوەکان کەم بکەنەوەو مۆرکی تەنیا سیاسی بوون لەمێژوو دابڕن و بکەونە نووسینەوەی ژیانی کۆمەڵگا بەهەموو کایەکانیەوە. پێیان وا بوو پێویستە بەو پێیە سەیری رووداو بکرێت، کەوا پەیوەندییەکە لەنێوان رووداوێکی دیاریکراوو سیستەمێکی رەمزی، واتە شوێنێك لەداکەوتەی سروشتی و پلانەکانی داگیر دەکات، ئەو رووداوەی، کەلەرێگای راڤەکردنی رۆشنبیریەوە رام دەکرێت، ئەو رووداوەیە، کە روودانەکەی راڤە دەکرێت (STRATHERN, http://townsendgroups.berkeley.edu:p.160).

بەشێوەیەکی گشتی، رووداوی مێژوویی لەسێ رەگەزی سەرەکی پێکدێت، مرۆڤ، کات، شوێن، بەبێبوونی مرۆڤ رووداوەکان تایبەتمەندی مێژوویی لەدەست دەدات و دەکەوێتە بواری مێژووی سروشتیەوە، بەڵام کاتێك مرۆڤ دێتەناو هاوکێشەکەوە، ئەو کاتە رووداوەکە تایبەتمەندی مێژوویی خۆی وەردەگرێت و دەچێتە خانەی رووداوێکی مێژووییەوە. فەیلەسووفەکان بەشێوەیەکی گشتی دوو تێگەیشتنیان هەیە بۆ رووداوەکانی رابردوو، هەندێکیان پێیان وایە، دەتوانن لەرێگای ئەو بەڵگە مێژووییانەی لەسەرچاوەکاندا هەیە، سەرلەنوێ رووداوەکانی رابردوو بنیات بنێنەوە، بەشێکی تریان باوەڕیان وایە، کە رووداوکان خۆیان بنەمان لەسەر بەڵگە و گێڕانەوەی مێژوونووس، کە هەرگیز ناتوانرێت کت و مت وەك ئەو رووداوانە بێت وەك ئەوەی کە لە بنەڕەتدا روویانداوە، ئەم دوو تێگەیشتنە بەدوو قوتابخانەی فەلسەفیەوەبەندە، قوتابخانەی پۆزەتیڤیستەریالیستەکان، کە باوەڕیان بەمەعریفەی رووداوەکانی رابردوو هەیە، قوتابخانەی دووەم قوتابخانەی گومانگەرایی – رێژەییدا)، ئەوانە باوەڕیان بەگەیشتن بەمەعریفەی مێژوویی بابەتیانە نیە، بەڵکو باوەڕیان بە مەعریفەیەکی مێژوویی رێژەیی هەیە، کە پەیوەندی بە ئێستای مێژوونووسەوە هەیەو لەگۆڕانێکی بەردەوامدایەو لەپەیوەندیەکانی بەرابردووەوە دڵنیا نیە!

لەگەڵ هەڵاتنی خۆری پۆست مۆدێرنیتە، رەوگەو قوتابخانەی نوێ هاتە ئاراوە، ئەمانە نەك بەتەنیا توانای مێژوونووسیان رەتکردەوە لەوەی، کەبتوانێت مەعریفەیەکی مێژوویی بۆ رابردوویەکی راستەقینە پێشکەش بکات، بەڵکو پێیان وابوو، کە نووسینی مێژوویی گێڕانەوەیە، گێڕانەوەش لەرێگای زمانەوەیە، زمانیش دەربڕینی بیرۆکەی کەسەکانە لەرێگای وشەکانەوەو کرۆکەکەی لە شیعرو پەخشاندا هەمان شتە(ارسطو، مكتبە الانجلو المصريە، ل99)، گێڕانەوەی رووداوەکان بە تەنیاو بەتەواوی زادەی خەیاڵن و هەروەك رووداوەکانی نێو رۆمانێکی ئەدەبیە، هەرچەندە گێڕانەوەی مێژوویی پشت بەبەڵگەو سەرچاوەکانەوە دەبەستێت(فرو، 2013، ل97). دوور کەوتنەوەش لەگێڕانەوەیەکی وشك، کە بنەما بێت لە شاگەشکەبوونێك بەرامبەر گەیشتن بە بابەتی توێژینەوەو

پشت بەستن بەروانینێکی دەست رۆیشتوو، خۆی داخنێتە ناو رووداوی مێژووییەوە، بەو پێیەی کەوا دیاردەیەکی سروشتیە، لێرەدا دەبینین ئەو پڕەنسیپانەی، کە رێساکانی خۆیان چەسپاندووە، لایەنە سروشتی و رۆشنبیریەکە، واتە نا سروشتیەکە لەیەکتر جیا ناکاتە وە، بەڵکو رۆشنبیریش(رووداوی مێژوویی) وەك دیاردەیەکی سروشتی دەبینێت، بەحوکمی ئەوەی تابلۆی دواوەی رووداوەکان، مرۆڤایەتی ئامادەی دەکات و رەگی لەسروشت(ژینگە)و مەرجە بابەتیەکانی(زەمەن و شوێن) داکوتاوە (الزين :http://www.mominoun.com/articles، ل.13).

سەیرکردنی رووداوەکان لە روانگەی یەك رەگەزەوە کارێکی ئاستەنگە، چونکەوەرگرتنی هەر رووداوێك ، خودی شرۆڤەکردنەکەشی لەگەڵیدایە، مەبەست لەو شرۆڤەکردنە سوود وەرگرتنە لێی بۆ ئێستاو دوارۆژ، ئەگەر ئەو ئامانجەش لەمێژوو بسەنینەوە، ئەوە تەنیا وەك چیرۆکێکی بەرئاگردان دەمێنێتەوەو لەکات کوشتن زیاتر سوودی هیچی تری نابێت. بۆیە پێویستە هەرسێ رەگەزەکەی زەمەن، دوێنی ئێستاو بەیانی بەیەکەوەببەستینەوە، کرۆکی ئەو سێ لایەنە بەگوێرەی نووسینەوەی مێژوو بریتیە لە:

1- قۆناغی پێش مێژوو
2- قۆناغی مێژوو
3- قۆناغی دوای مێژوو

ئەمەش بنەمایەکی ئەستوگرافیەو ئەوەندەی بونیاتگەراییە، هێندە زەمەنگەرایی نیە، بەگوێرەی هەموو کۆمەڵگایەك و تە نانەت بەگوێرەی هەموو تاکێك، کەئاستێکی هووشیاری هەیە، بەمگێز (الذوق) درکی پێدەکرێت و ئاستێکی ناهووشیاریشی تیایە، کە مل بۆ لێهەڵێنجانێکی حەتمی کەچ دەکات، هاوکات ئاستێکی پێشبینیکردنیش لە خۆوە دەگرێت، کەبەرێسای ئەگەرەکان دەناسرێتە وە. دەتوانین ئەم کەرتکردنە بابەتیانەیە، بەکەرتکردنێکی میتۆدی ببەستینەوە، میتۆدی تێگەیشتن و هارمۆنەتیك، بە شێوەیەك، کە لە گەڵ ئاستی هەموو هووشیارییەمێژووییەکەو لەهەموو بەڵگەنامەیە مێژوویە و جۆراو جۆرەکانیش بگونجێت. میتۆدی راڤەکردن، کە دەرهاویشتەی هاتەئارا حەتمیەکانەو لەهەموو بەڵگەنامەیەکدا لەگەڵ ئاستە(ناهووشیاریەکەدا) دەگونجێت، هەروەها میتۆدی ئە گەرەکان بۆ بەرزەفتکردنی ئەو پێشکەوتنانەی، کە لەتواناداان بگونجێنرێن لەگەڵ ئەو شتانەی، کە دەشێت دوای چەند چرکەیەکی تر رووبدەن(العروى، 2005، ل201). بۆیە باشترە، لە رێگای بە یەکچواندنی رووداوێك بەرووداوێکی تری مێژوویی پەرچەکردارەکانیان راڤەبکەین، با وا گریمان بکەین، کە ئەو چرکەیە، چرکەیەکی دەگمەن نەبووە، ئەمەش وەك مەسەلەی ئەوەی لێدێت بڵێین بەتەنیا ئە ورووپیەکان هێزیان نەبووە! هاوکات داوای ئەوەش لە خەڵك ناکات، کە سیاقێکی نوێ بگورێنن، بۆئەوەی لەگەڵ شتێکی تری پێچە وانە، یاخود ئاستەنگ کۆپی بکە(STRATHERN, http://townsendgroups.berkeley.edu.p.163) .

لەراستیدا هەموو رووداوێك لەئەنجامی بەریەك کەوتن و کار لەیەکتر کردنی هێزەکانی ناو کۆمەڵگا دێتە بەرهەم، لەم بارەیەوە(رانکە) پێی وایە، کە هیچ هێزێك بوونی نیە، ئەگەر هێزێکی تری بەرانبەر نەبێت و لەتەك ئەودا کار نەکات و هەوڵنەدات خۆی بەرانبەری بسەلمێنێت، بۆیە مێژوو بەتەنیا ناتوانێت دیمەنی رووداوێکی پوخت نیشان بدات، وەك ئەوەی بۆ یەکەم جار وا دێتە بەرچاو، هەروەها رووداو، دیمەنی ئەو دەوڵەت و گەلانە نیە، کەداگیرکاری دەکەن یاخود پەلاماری یەکتر دەدەن و یەکتر جێبدەهێڵن، بەڵکو ئەوەی رووداوەکان دروست دەکات هێزە! هێزەکان، لەراستەقینەدا هێزی رووحین و پڕن لەژیان و هێزی دروستکەرن، ئەوان خودی ژیان خۆینە، هاوکات هێزی ئاکاری هەیە، کە لەمێژوودا بەرۆڵی خۆی هەڵدەستێت، هەرگیز ناتوانین بە شێوەیەکی ئەبستراکت ئەو هێزانە بناسین، یاخود لێیان تێبگەین، هەرچەندە دەتوانین بیانبینین و درکیان پێبکەین، هەموو کە سێکیش دەتوانێت مەشقی خۆی بکات بۆ ئەوەی هەست بەبوونیان بکات. هێزەکان گەشەدەکەن و کۆنترۆڵی هەموو جیهان دەکەن، بەزۆر وێنەی جیاوازیش خۆیان دەردەخەن، هەروەها تەحەدای یەکتر دەکەن و سنوور بۆ یەکتر دادەنێن و بەسەر یەکتردا زاڵ دە بن، نهێنی تەواوی مێژووی جیهان لەبەیەك گەیشتنی ئەو هێزانەیە، لەگوێزرانەوەو بەردەوام بوون و توانەوەو سەرلەنوێ زیندوو بوونەوەی ئەو هێزانە دایە(کاسیرر، 1997، ل25).

رووداو بەسروشتی خۆی، لەچوارچێوەی گێڕانەوەدا و بەگوێرەی پێگەکەی لەناو زنجیرەی زەمەنی رووداوەکاندا، واتایەکی هەڵەپەیدا دەکات. کەواتە رووداو دەکەوێتەسەر جەستەو جەستەش بەهۆی رووداوەکانەوە گۆڕانکاری بەسەر دادێت، بەڵام هە رکاتێك ئەو رووداوە لەسەر جەستە، یاخود لەدووتوێی وشەکاندا لەرێگای پەرچە کردارێکەوە، یاخود پیادەکردنی کارێکەوە تۆمارکرا، ، ئەو کاتە رووداوەکە هەندێك لایەنی خۆی لەدەست دەدات(جيمس وليامز، 2003، ل75). لەبەرئەوەی کارەکانیش بەکۆتایی و ئامانجەکانیان دەناسرێنەوە، وەك دەڵێن بەئەنجام و نیازەکانیان، بەهای هەر رووداوێکیش بەبڕی بەشداریکردنی لەپێکهێنانی ئەو ئامانجانەدەخەمڵێنرێت. هەندێك لەمێژوونووسان ، لەوانە (برۆدویل) هەوڵی، دا کە چیتر مرۆڤ نەکرێتە سەنتەری مێژوو، ئەمانە دروشمی (مێژوو بەبێ مرۆڤ) یان بەرزکردەوە، ئەمەش واتای ئەوەیە زۆر پێداویستیە، مرۆڤ چیتر نەکرێتە سەنتەری توێژینەوەی مێژوویی، ئەمەش دەبێتە سۆنگەی ئەوەی کەوا گۆڕەپانی مێژوو تەنیا بۆ مرۆڤ نەبێت! ئەوانە پێیان وایە، کە کەش و هەوا مێژووی مرۆڤ دیاردەکاو کاریگەری لەسەریدا هەیە، جێگای ئاماژە پێکردنە، بەر لەبیست تا سی ساڵ لەمەوبەر تەنیا وەك پاشەڕۆیەك، یاخود وەك شتێکی زێدە لەمێژووی کاری مێژوویی راستەقینە، سەیری مێژووی کەش و هەوا دەکرا، کە ئەمەش لەنێو ئەو مێژوونووسانەدا باو بوو، کە راڤەکردنێکی سۆنگەییان(السببيه) بۆ مێژوو ئەنجام دەدا، ئاماژەیان بۆ کاریگەری لاوەکی کەش و هەوا لەرێرەوی رووداوو داکەوتەکان دەکرد، هەندێك لەوانە رووخانی ئیمپراتۆریای رۆمانی بەوە لێکدەدەنەوە، کەبەهۆی لەرێگا لادانی

گێژەلووكەكان بوو، كە بووەسۆنگەی ئەوەی وشكەساڵیەكی بەهێز حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست بگرێتەوە، هەروەها رووخانی (ئە ندەلووس)یشیان بۆ هەمان هۆكار دەگەڕاندەوە، كۆچی مەغۆلەكانیشیان بەدوای گەڕان بۆ خۆراك و جلو بەرگ هەژمار دەكرد، لەبە رئەوەی ناوچەكەیان لەئاسای ناوەڕاست بارانی نەبوو دووچاری وشكەساڵی بووەوە(یفوت، 1991، ل 46-47).

گۆڤاری ( كرۆنۆلۆژی) رەخنەی توندی لەبیرۆكەی رووداوی مێژوویی دەگرت! وایاندەبینی، كە واقعێكی مێژوویی ئامادە كراو نییە، كەلەخۆیەوە بۆ مێژوونووس ئاشكرا بكرێت! مێژوونووس وەك هەر مرۆڤێكی زانستخواز لەسەری پێویستە لەبەرامبەر واقعێكی فراوان و ئاڵۆز هەڵبژاردنەكانی خۆی دیاری بكات، ئەمەش زێدەڕۆیی یاخود كۆكردنەوە نیە، بەڵكو بەیەكەوەنانێكی زانستیانەیە بۆ دۆكیومێنتەكان، بەجۆرێك، بوار دەرەخسێنێت، سەرلەنوێ نەخشەی رابردوو بكێشرێتەوەو راڤەبكرێتەوە!( لوغوف، 2007، ل88). زۆر جار مێژوونووسان، لەبەرئەوەی تەنیا پشت بەگوێزانەوەی رووداو داكەوتەكان دەبەستن و نایگەڕێننەوە سەر بنە چەكەی خۆیان و ناپێپون بەوانەی، كەلێیان دەچن، دەكەونە هەڵەوە! چونكە هەوڵ نادەن بەپێوەری حیكمەت لەقوڵاییەكانیدا رۆبچن و لەسەر سروشتی بوونەوەرەكان بووەستن و بەوردی سەیری بكەن و دادوەری تێدابكەن و راستیەكان بەسەر ناڕاستیەكان زاڵ بكەن، بۆیە زۆر جاران خۆیان لەوەهم و هەڵەكاندا ون دەكەن(ابن خلدون، 2004، ل92).

رووداوەكان گەورە بن یاخود بچووك، هەست پێكراو بن یاخود هەست پێنەكراو، كورت بن یا درێژ، ئەوەی بەیەكەوە كۆیان دەكاتەوە ئەوەیە، كە دۆخی بەر لە رووادنیان جیاوازە لەدۆخی دوای رووادنیان، بۆ نمونە جیهان بەر لەهاتنی ناپلیۆن زۆر جیاوازە لە جیهانی دوای ناپیلۆن. لەراستیدا لەدەرەوەی گێڕانەوەو راڤەكردندا، رووداو هیچ واتایەكی نیە، هەروەك چۆن زەمەنیش هیچ واتایەكی بۆ نامێنێت ، واتە ئەو كەسەی، كە واتایەك بەرووداوەكەو خودی زەمەنەكە دەبەخشێت مێژوونووسەكە، یاخود هزرمە ندەكە خۆیەتی، كەرووداوەكە دەخاتەبەر توێژینەوەو لێی دەكۆڵێتەوە، پێویستە درك بەوە بكەین، كە نووسینەوەی رووداوە رێكخراوەكان، بەپشت بەستن بەمێژووە زەمەنیەكان شتێكی سروشتی نیە، چیفرەیەكی مێژووی زەمەنیش نیە،رووداوەكان بەگوێرەی ئەو بەتەنیا لەرووی رۆشنبیریەوە، یاخود ترادیسیۆنیەوە رێكبخرێن، بەڵكو هەردەبێت لەسەرەتاوە ئەو رووداوانەی لەلایەن نووسە ری مێژووی زەمەنیەوە هەڵبژێردراون دیاریبكرێن، بۆ ئەوەی كار لەسەر رووداوێك بكات و رووداوێكی تر دوور بخاتەوە، تاكە فاكتە ریش لەو هەڵبژاردنە فاكتەری زەمەنی روودانی رووداوەكەیە(وایت، 1999، ل 195).

لەراستیدا رەخنەی زۆر لە بیرۆكەی رووداوی مێژوویی دەگیرێت. هەندێك وایدەبینن، كە ئەگەر هەمان شتەكانمان لە مێژووی تاكەكان (مایكرۆ مێژوو – microstorie) نەبینی، ئەوە هەلی ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێت، بەگوێرەی (یاریەكانی پێوانەكردن)، لە یەكتر نزیك كردنەوەیەك لەنێوان شتە ئاوەزیەكان و نواندنەكان ئەنجام بدەین و فرەرەنگی بكەین:بەبڕی ئەوەی كەوا ماكرۆ مێژوو (macrohistorie) مێژووی دەستەجەمعی، بایەخ بەو كۆتە بونیادگەراییانە دەدات، كە بۆ ماوەیەكی درێژ پیادە دەكرێن، بەهە مان شێوە مایكرۆمێژوو ) مێژووی تاكەكان بایەخ بەدەست پێشخەری و توانای تاكەكان لەدانوستاندن دەدات، كە بكەرە مێژوویيە راستەقینەكان لە دۆخە پەشۆكاوەكان دەیدەن، واتە ئەو كەسایەتیە بە توانایانەی لە رۆژگارە سەختەكاندا دەتوانن بڕیار بدەن. بەم چەشنە بۆ تێپەڕاندنی بیرۆكە ئاوەزیەكانەوە بۆ بیرۆكەی نواندنەكان لەشوێنی چەمكی فرە رەنگی پێوەرەكان و لەچوارچێوەی لەیە كتر نزیك كردنەوەیەكی نوێی گشتگیر بۆ مێژووی كۆمەڵگاكان دەتوانین هەنگاوی یەكەم هەڵێنین(بول ریكور، 2009، ل284). بەم چەشنە لەگەڵ هاتنە ئارای گۆڕانكاری بەسەر چەمكی مێژوو، گۆڕانكاری بەسەر تێگەیشتن لەچەمكی رووداویش هاتە ئارا، لە ئەنجامدا سیاسەتەكان و رووداوەكان و بەرهەمی رێرەوەكانی مێژوو دیاركران. نەك هەموو مێژوو، یاخود بەشێك لەمێژوو، كە رووداوێكی سەربەخۆ یاخود رووداوێكی لاتەریك نوێنەرایەتی بكات، بەڵكو ، لەنێو بایەخ پێدانەكانی مێژووی نوێدا، نوێكردنەوەیە كی تری بۆ پێگەی مێژووی سیاسی گەڕاندەوە، وایان روونكردەوە، كە ئەوەی بە مێژووی سیاسی ناسراوە. مێژووی دەسەڵات بووە، نە ك مێژووی دەوڵەت، لەبەرئەوەی مێژووی دەسەڵات، بریتیە لە پەیوەندی نێوان هێزەكان لەناو كۆمەڵگادا. مێژووی چین و توێژو ئایدیۆلۆژیاو هزرەكان و شێوازی تەحەكوم و كونترۆڵ و ملكەچ كردنە، یاخود شێوەكانی رەتكردنەوەو قەدەغەكردن و بەرە نگاربوونەوەیە. بەگوێرەی ئەو روانگەیە مێژووی سیاسی دەبێتە مێژووی پەیوەندیەكانی دەسەڵات، نەك تەنیا مێژووی دام و دەزگاو سیاسەتە باڵاكانی حكومەت و حزبەكان. كاتێك مێژووی سیاسی وەك مێژووی دەسەڵات هەژماركرا، بەها بۆ یادەوەری و ژیاننامەی كەسی گەڕایەوە، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە نووسینە، ئاوێنەی مێژووی خودی تاكە بكەرو كاریگەرەكانە، یاخود كارتێكراوەكانە لەبەریەك كەوتنەكانی ناو كۆمەڵگا، كەخۆی خودی بابەتی توێژینەوەكەیە، جا ئەگەر خاوەنی یاددانەكە، كەسایەتیەكی سیاسی یاخود رۆشنبیری یاخود هزری بێت، وتەكانی یاخود وتارەكانیشی دەبێتە بەڵگەنامەیەكی مێژوویی و دەكەوێتە ژێر توێژینەوەو راڤەكردن و هارمۆنەتیزە كردن، بۆ ئەوەی لەكۆتایدا ببێتە مەعریفەیەكی مێژوویی(الكوثرانی، 2013، ل398).

**بەشی سێیەم:**

**هزرو نووسینەوەی مێژوو**

**باسی یەكەم:**

**نووسینەوەی مێژوو**

كاتێك زانیاری و دۆكیومێنتەكان لای مێژوونووس كەڵەكەدەبن، ئەو كاتە بیریان لێدەكاتەوە، هەندێكیان هەڵدەبژێرێت و هەندێكی تریان بەلاوە دەنێت، ئەمەش بەگوێرەی بایەخ و گرنگی دۆكیومێنت و ئەو رووداوانەیە، كەدۆكیومێنتەكان لەخۆوەی دە

گرێت، دیارە، کە دیاریکردنی بابەخ و گرنگی ئەو سەرچاوانەش پشت بە ئاستی تێگەیشتن و دنیا بینی مێژوونووسەکەوە دەبەستێت، یاخود دەکەوێتە سەر شێوازی بیرکردنەوەو تەنانەت هەندێك جار پاراستنی بەرژەوەندیەکانیشی، بەکورتی دەتوانین بڵێین کەوا نووسینی مێژوو بەسێ قۆناغدا تێدەپەڕێت:

1-قۆناغی کۆکردنەوە: واتەکۆکردنەی کەرەستەی ئەو داکەوتانەی، کەتوێژەر پێی وایەراستە، لەبەرئەوەی کەرەستەکانیش ئێجگار زۆرن و نایەنە ژماردن، زۆرینەشیان بەهایان لاوەکیە، تەنانەت رەنگ بێت هەندێکیشیان هیچ بەهایەکیشی نەبێت، بۆیە دەبێت ئە وانەی بەهادارو بێبەهان لەیەکتر جیابکرێتەوە.بەڵام ئەگەر پرسیمان پێوەر چیە بۆ ئەم بەبەهابوون و نابەهابوونە، رەنگ بێت دوو مێژوونووس لەسەر وەڵامەکەی رێك نەکەون!.

2-قۆناغی رەخنەگرتن: پێویستە مێژوونووس دۆکیومێنت و سەرچاوەکانی بەردەستی بپشکنێت، لەراستی و ناراستیان دڵنیابێتەوەو توانای ئەوەی هەبێت وا لەخەڵك بکات باوەڕی پێبکەن.

3-قۆناغی سێیەم: دوا قۆناغ و بەرلەدەست پێکردنی نووسین قۆناغی هارمۆنەتیزەکردنە(التأويل)، کە لەهەموو قۆناغەکان سەخترە، لێرەدا توانای مێژوونووس لەبەیەکەوەنانی شتەپەرت و بڵاوەکانی مێژوودا بەدیاردەکەوێت(هرنشو، 1944، ل13).

کەواتە هەڵبژاردنی دەقەکان و رەخنە لێگرتنیان، لەکۆتاییدا بەندە بەهارمۆنەتیزەکردن، واتەبەتوانای تێگەیشتنی مێژوونووس لەکەرەستەکانی بەردەستیدا، تێگەیشتن لەرووداوەکان ئەو بابەتەی دەیەوێت کاری لەسەر بکات وەك ئەوەی، کە هەیەو روویانداوە، یاخود وەك ئەوەی نووسەرەکانی سەرچاوەکانی بەردەستی ئامانجیان بووە بیگەیەنن، نەك وەك ئەوەی خۆی دەیەوێت! چونکە هەر ئەو تێگەیشتنەیە، کەیارمەتی دەدات لەهەڵبژاردنی ئەو یەکانەی، کە مێژووەکەی لێ دروست دەکات، واتە رووداوەکان و ئەو بابەتەی، کەدەیکاتە بابەتێکی مێژوویی، بەدەربڕینێکی تر، یارمەتی دەدات لەدیاریکردنی رووداوی گرنگ و بەهادار و لە رووداوی نا گرنگ و بێبەهای جیادەکاتەوە، کەهەر خودی ئەو گرنگ بوون و ناگرنگ بوونەش زادەی تێڕوانین و دنیابینی و ئاستی هووشیاری مێژوونووسەکەیە. بەڵام لێرەدا خاڵێك هەیە ناکرێت فەرامۆشی بکەین، ئەویش ئەوەیە، کە گرنگی سەرچاوەکان بۆ مێژوو بەگوێرەی سەردەمەکان دەگۆڕێت، بۆ نمونە سەرەتا، کەمێژوو کەوتە قۆناغی ئەوەی لەروانگەیەکی سیوکرایتەوە(theocratic) بنووسرێتەوە، دوای ئەوەی کەوا قەشە(ئۆگستین) کتێبەکەی(شاری خوا) ی نووسی، هەموو شتێك لەمێژوو دەگەڕێنرایەوەبۆ ویستی خوا، واتە مرۆڤ تەنیا ئامرازێك بوو بەدەست ویستی خواوەو خۆی خاوەنی هیچ ویستێك نەبوو. لەو قۆناغەدا سەرچاوە ئاینیەکان، بەتایبەتیش (کتێبی پیرۆز) سەرچاوەیەکی سەرەکی نووسینەوەی مێژوو بوو، هەوڵدەدرا لەژێر رۆشنایی ئەودا مێژوو بنوسرێتەوەو راڤەبکرێت. دوای ئەوان پۆزەتیڤیستەکان بایەخیان بەدۆکیومێنتدا، بەشێوەیەك، کە دۆکیومێنت تا رادەیەکی زۆر بایەخی پەیدا کرد، دوای ئەو قوتابخانەیە رەوگەی تر هاتە ئاراو لەبایەخی دۆکیومێنتەکانی کەمکردەوە، یاخود بەلایەنی کەم پیرۆزیەتی لێسەندەوە، بە ڵام دۆکیومێنت تا ئێستاش لەبواری نووسینەوەی مێژوودا بایەخ و گرنگی خۆی هەیە.

هەرچۆنێك بێت بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی بەکاردەهێنرێت، دەتوانرێت ئاستەکانی مێژوو بەم شێوەیەی خوارەوەدیاربکرێت:

1-مێژووی دوکیومێنتاری: ئەو ئاستەیە، کە یارمەتیمان دەدات بەووردی وەڵامەکانمان دیار بکەین، وەك ئەوەی، کە پەیوەندی بە خستنەرووی رووداوەکانەوە هەیە، بۆنمونەبزانین ئەو رووداوانە راستن، یاخود هەڵەن، وەك ئەوەی بپرسین، ژمارەی زیندانیەکانی زیندانی پاستیل لەشەوی 14 تەمووزی 1789 چەند بوو؟.

2-مێژووی راڤەکاری: ئەمەش ئەو ئاستەیە، کەگفتوگۆ لەسەر رۆڵی یەك بەدوای یەکی هێزەکۆمەڵایەتی و ئابووریەکان و پەیوەندیان لەگەڵ هێزەسیاسەکانداو دواتر پەیوەندیان بەو رەگەزە هەقایەتیەی، کەپەیوەستە بەرووداوەکەوە، دەکات.

3-مێژووی شیعری: ئەو ئاستەیە، کە جۆرە گەورەکانی مێژووی تیادا پێکدێت، وەك بووژانەوەو شۆڕشەکان، لێرەدا چەمکی مێژوویی وەك چەمکێکی کۆمەڵی، توندتر بەدیاردەکەوێت، دوو دەرئەنجام لەمێژووی شیعریدا دەردەکەوێت:

أ-ئینتیمای هەریەك لەچیرۆك و مێژوو بۆ گێڕانەوە

ب-بەیەك گەیشتنی ئەدەب و فەلسەفە(بلخن، 2010، ل 59).

قۆناغی دۆکیومێنتاری، ئەو قۆناغەیە، کە بەنێوان لێدوانی ئەو گەواهیدەرانەی بەچاوی خۆیان رووداوەکانیان بینیوەو پێکهێنانی ئەو ئەرشیفەتێدەپەڕێت، کەوەك پرۆگرامێکی مەعریفی، بۆ هێنانەوەی بەڵگەی دۆکیومێنتاری دەیخاتەبەردەمی خۆی، دوای ئەوەش قۆناغی راڤەکردن و (تێگەیشتن) دێت، کەتایبەتە بە فرە بەکارهێنانەکانی ئامرازەکانی گەیاندن،(لەبەرئەوەی) وەڵامی پرسیاری (بۆچی؟) دەداتەوە، شتەکان بۆچی بەم شێوەیە روویانداو بەشێوەیەکی تر روویاننەدا؟ ناونیشانی دولایەنە(راڤەکردن و تێگەیشتن) رەتکردنەوەی ئەو دژیەکیەدەردەبڕێت، کە لەنێوان راڤەکردن و تێگەیشتندا هەیەو بۆتە سۆنگەی ئەوەی درك بەدرێژبوونەوە مێژووییەکەی نەکرێت بەهەموو ئاڵۆزیەکانیەوە، قۆناغی سێیەم قۆناغی نواندن و داڕشتنەوەیە بەشێوەیەکی ئەدەبی، یاخود

نووسینی ئەو وتارەی، کە دەخرێتە بەردەم خوێنەرانی مێژوو، هەرچەندەگرەوکردنە مەعریفیە گەورەکە، لەقۆناغی راڤەکردن و تێگە یشتنەکەب ڕیاری لەسەر دەدرێت، بەڵام ئەو قۆناغە گرەوەکەبەکۆتا ناهێنێت! لەبەرئەوەی لەقۆناغی نووسینەوە بەتەواوی نیازی مێژووگەری رادەگەیەنرێت، واتا نیازی نواندنی رابردوو وەك ئەوەی روویداوە، جا هەر واتایەك بێت، کەبدرێتەپاڵ وشەی (چۆن)ەکە . لەقۆناغی سێیەمدا بەئەو سەختیانە بەهێزەوە بەدیاردەکەون، کە دێنە بەردەم یاددانەکە، سەختی نواندنی شتێکی ئامادەنەبوو، کە پێشتر روویداوە، سەختی پیادەکرنێکی چڕ بۆ بیرهێنانەوەیەکی چالاکی رابردوو، کەمێژوو بۆ پایەی (سەرلەنوێ بیناکردنەوە) بەرزی دەکاتەوە (ریکور، 2009، ل211).

ئەو داکەوتە مێژووییانەی، کە دۆکیومێنتەکان پێشکەشی دەکەن بەتەنیا بەس نیە بۆ ئەوەی چوارچێوەکان پڕ بکەنەوە و وە ڵامی راستەوخۆی زۆر مەسەلە ناداتەوە، کەم و کوڕیەکی زۆر لەو سیمایانە دەبێت، کە بۆ کێشانی نەخشەی تابلۆیەکی تەواوی دۆخی کۆمەڵگاو پێشکەوتن و رووداوەکان پێویستە، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەم و کوڕیانە، هەست بە پێویستیەکی زۆری زانستی تێبینە راستەوخۆکان دەکەین. چونکە کاتێك زنجیرەیەك بۆ پڕکردنەوەی پێویستی بەداکەوتەیەك دەبێت، بەدوای تێبینی نوێدا دەگە ڕێین، لە ناو مێژوودا، ئەو کاتە ئەو ئامڕازەمان پێدەوێت، کاتێك هەوڵدەدەین بەبەکارهێنانی سەلماندن و بەمەبەستی بەڵگە هێنانە وە لەسەر داکەوتەی نوێ، مەعریفەی خۆمان فراوانتر بکەین، سەرەتا لەداکەوتە ناسراوەکانی دۆکیومێنتەکانەوە دەست پێدەکەین، جا ئەگەر هاتوو سەلماندنەکە راست بێت، ئەوا ئەو پڕۆسە مەعریفیە رەوا دەبێت، بەڵام ئەزموونەکان پێمان دەڵێن، سەلماندن سە ختترین پڕۆسەی مەعریفەی مێژووییە، کەبەشێوەیەکی تەندروست پیادەبکرێت، ئەمەشە، کە گەورەترین هەڵە لەدەقێکی بواری مێژوودا دێنێتە ئاراوە، بۆیە ئەگەر زۆر بەوریاییەوە نەبێت، پێویستە هەرگیز بەکاری نەهێنین! جا بۆ ئەوەی هەڵەکان فەرامۆش نەکە ین، پێویستە سەلماندن تێکەڵ بابەتی راڤەکردنی دۆکیومێنت نەکەین. ئەگەر مرۆڤ رێگای بەخۆی دا شتێك بۆ دەقەکە زیاد بکات، کە نووسەرەکەی بەراشکاوی دای نەنابێت، وەك ئەوە وایە، کەوا لەنوسەرەکەبکات شتێك بڵێت، کە هەرگیز نەیویستووە بیلێت! هە روەها پێویستە ئەو داکەوتانەی، کە راستەوخۆ لەپشکنینی دۆکیومێنتەکان دەردەهێنرێت، تێکەڵ بەئەنجامی سەلماندنەکان نەکرێت، نابێت سەلماندنێك ئەنجام بدەین، کەهەستی پێ نەکرێت، بۆیەئەگەر زانیمان سەلماندنەکان گومانێك لەدوای خۆیان جێدەهێڵێن، پێویستە سەرەنجام هەڵنەهێنجین، هاوکات پێویستە سەرلەنوێ چاو بەخەملاندنەکان نەخشێنینەوە بۆ ئەوەی ئەو گومانەمان لە لا نەمێنێت(بوس، 1981، ل 199). بەڵام بەر لەپڕۆسەی سەلماندنەکە، سەرەتا دەبێت بزانین ئەو دۆکیومێنتانەی لەبەر دەستماندایە راستن یاخود ساختەکراون، لەبەر ئەوەی بەدرێژایی مێژوو بەدەیان نمونەی دۆکیومێنتی ساختەکراومان هەیە! بۆ ئەوەی بزانین دۆکیومێنتێك راستەقینەیە، یاخود ساختەیە، پێویستەبەر لەهەموو شتێك دۆکیومێنتەکە لەهەردوو رووی دەرەوەو ناوەوەیدا، واتە بە چەمکە ئەدەبیەکەی لە رووی رووخسارو ناوەڕۆکەوە بپشکنین، لەبەڵگە رووخساریەکان پێویستە جۆری کاغەزو ئەو مەرەکەبەی تیایدا بەکارهاتووە، جۆری مۆرەکەو داب و نەریتی نوسراو و هێنان و بردن و زمان و شێوازی نووسین!...هتد بپشکنین، بەڵگەی ناوە ڕۆکیش پێویستە لەنیازو مەبەستی نووسینەکە تێبگەین و لەکەسایەتی ئەو کەسانە یاخود ئەو سەردەمە تێبگەین، کەدۆکیومێنتەکەی تێدا نووسراوە(رستم، 2002، ل25-27). گەلێك جاران ئەمانەش هەموو تەواو دەبێت بەڵام دۆکیومێنتەکە هەر لەبنەڕەتدا بەنیازی فریودانی مێژووەوەنووسراوەتەوە، ئەمەلەکاتێکدا دێت، کەکاریگەری مێژوو بەسەر ژیانی ئێستادا زیادی کردوەو بیرکردنەوە لەوەی چی لەدوای خۆیان جێدەهێڵن، مەژی دەسەڵاتدارەکانی داگیرکردووە. بۆیەزۆر جاران خودی دۆکیومێنتەکان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی راستیەکان بەو شێوەیە نیشان بدەن، کە خۆیان دەیانەوێ و بە چەشنە مێژوو فریو بدەن! ئەمە ئەرکی مێژوونووس قورستر دەکات و لەسەری دەسەپێنێت، کە دەبێت زۆر وریاتر بێت. تێڕامانی ئەو دۆکیومینتـانەو لێکۆڵینەوەلێیان ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە لە نووسینی مێژووییدا ناتوانین میتۆدی رەخنەکاری فەرامۆش بکەین، لەبەر ئەوەی هەر لەهەنگاوەکانی سەرەتایی و لەهەڵبژاردنی رووداوو بابەتەکاندا، مێژوونووس دەبێت پەنا بۆ ئەو میتۆدە بەرێت، هەڵبژاردنی هەندێك دەق و وەلاوەنانی هەندێکی تر، خۆی لە خۆیدا پڕۆسەیەکی رەخنەگرانەیە، هەر ئەم پڕۆسەیەشە، کەخودی سروشتی مێژوو دیاریدەکات.

بەشێوەیەکی گشتی لەسەر گۆڕەپانی رۆشنبیری و لەبواری نووسینەوەی مێژوودا سێ رێگا هەیە:

1- رێگایەقوتابخانەی کرۆنۆلۆژی(الحولیات –Annales) ، کەخاوەنی نمونەی بەرفراوانن، ئەوانەمێژوو وەك زانست سەیر دەکەن.

2- رێگای بگێڕەوەکان(السردیون)، ئەوانە پێشنیاری ئەوە دەکەن، کەپێویستەمێژوو بگۆڕدرێت بۆ کۆمەڵێك چیرۆك و هیچ پەیوەندیە کی بەزانستەوەنەبێت.

3- هەندێکی تر پێیان وایە، کە مێژوو هەردوو رووی هەیە، رووێکی زانستی و رووێکی گێڕانەوە. بەڵام مێژوو لای (پۆل ریکور) گێڕانەوەیەکی تایبەتە، گێڕانەوەیی بوونی مێژوو، ئەرکە دوو لایەنیەکەی مێژوو رەتناکاتەوە، کە لەلایەك مەعریفەیەکی زانستیە، لەبەرئەوەی راستەقینەکان لەریالیستەوە بەرهەم دەهەێنێت، هاوکات ئەندێشەیەکی گێڕانەوەییە، لەبەرئەوەی بەرهەمی کۆمە

ڵەئەرکێکی ئاڵۆزە. بەم چەشنە بە گوێرەی سیستەمی ئۆکسیمۆری (oxymora)، مێژوو هەماهەنگی لەنێوان شتە دژەکاندا دە کات، بۆیە مێژوو زانستەو لەهەمان کاتدا گێڕانەوەشە(بلخن، 2010، ل83)، جا بۆ ئەوەی مێژوو زیاتر لەزانست نزیك بێتەوە، پێویستە بەشێوەیەکی گشتی بایەخێکی زۆر بەمیتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی بدات، لەوانەش میتۆدی ڕاڤەکاری ڕەخنەئامێز، بۆ نمونەئەگەر یەکێك بیەوێت مێژووی (شکسپیر) بنووسێتەوە، دەبێت شارەزای پرەنسیپەکانی شانۆنامەکانی وسیفەتەکانی کەسایەتی ئەو وپێشکەوتنی درامای ئەلیزابیسی بێت، کە تا ڕادەیەك بەشێك بووە لە(ژینگەی کۆمەڵایەتی) و بنەما ڕۆشبیریە کانی ڕۆمانەکانی ئەو کەلە شانۆنامەنووسە. بێگومان پێچەوانەکەی ئەمەش هەر ڕاستە. لەسەر ئەم بنەمایە، کاتێك لەبەرهەمە کانی (شکسپیر) دەکۆڵینەوە، دەبێت ئەو سێ شێوازە، کە دەتوانین ناویان بنێین(شێوازی ڕاڤەکاری ڕەخنەئامێز) و(شێوازی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی)، لەیەکتر جیا بکەینەوە،… هەرچۆنێك بێت ئەگەر مێژوونووس ویستی بەتەواوی لەمێژووی ژیانی (شکسپیر) وەك نووسەرێك، یاخود وەك ئەوەی، کە نوێنەرایەتی سەردەمی (ئەلیزابیسی) دەکات، یا وەك نوێنەری گەشەسە ندنی ئەدەبی جیهانی، یا لەهەر دۆخێکی تری مێژوویدا، پێویستە ئەو سێ شێوازانە بەیەکەوە بەکاربهێنرێت، بەبڕی شکست هێنان، یاخود سەرکەوتنی لەو کارە، مێژوونووس شکست دێنێت یاخود سەردەکەوێت(جوتشلك، 1966، ل49). چونکە مێژوو بەتەنیا مێژووی کەسەکان نیەو کەسەکانیش لەژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و. .هتد دانەبڕاون، بۆیە دەبینین، کە سێکی وەکو (ڤۆڵتێر) پێی وایە، کەمێژوو، مێژووی ئابووری و دیموگراڤی و تەکنیکەکان و داب و نەریتەکانە، بەتەنیا مێژووی سیاسی وسەربازی و دیپلۆماسی نیە! مێژووی خەڵکە، هەموو خەڵك، نەك بەتەنیا مێژووی پاشاو پیاوە مەزنەکان، هاوکات بەتە نیا مێژووی ڕووداوەکانیش نیە، بەڵکو مێژووی بونیادەکانیشە، مێژووی ئەو مۆبیلەیزەشنەیە(الحراك)، کە بایەخ بەپێشکەوتنە کان و گۆڕانکاریەکان دەدات، نەك مێژووی شتی چەسپاو، کە وەك تابلۆیەك پێشکەش بکرێت، مێژوویێکی ڕاڤەکاریە، نەك مێژوویێکی گێڕانەوەو وەسفکاری و دۆگمایی، لە کۆتایدا مێژوو ، مێژوویی کۆی شتەکانە، ئەمەیە مێژووی نوێ(لوغوف، 2007، ل100).

**باسی دووەم:**

**بونیادی هزری و نووسینی مێژوو**

مێژووی هەر سەردەمێك پێویستە لەروانگەی ئەو سەردەمە بنووسرێتەوە، لەبەرئەوەی بایەخی هەرسەردەمێك بەگوێرەی ئەو شتانە یە، کە بۆ ئەو سەردەمە واتای هەیەو گرنگە، دیارە، کە ئەو شتانەی جێگای بایەخیشن لەسەردەمێکەوەبۆ سەردەمێکی تر جیاوازەو گۆڕانی بەسەر دادێت، ئەو شتەی لەسەردەمێکدا بایەخێکی گەورە پەیدا دەکات، مەرج نیە لەسەردەمەکانی تردا هەمان بایەخی هە بێت، بەم پێودانگە هەموو سەردەمێك دەیەوێت ڕابردوو لەروانگەی ئەو شتانەی، کەلای ئەو گرنگەو ئەو هزرانەی لەئارادایە ببینێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکات. زۆر لەمێژوونووسان دەڵێن مێژوو گفتوگۆیەکە لەنێوان ئێستاو ڕابردوو، ئەمەش خۆی لەخۆیدا لایەنێك لە لایەنەکانی چێژ وەرگرتن لەمێژوو ئاشکرا دەکات، مێژوو بەسروشتی خۆی وەك توێژینەوەیەك بۆ مرۆڤ و کردارەکانی، دەکەوێتەژێر کاریگەری ئەو وێنەیەی، کەمێژوونووس دەیبینێت، هەموو زانستە مرۆڤایەتیەکان دەکەونە ژێر ئەو کاریگەریانە، بۆ نمونە وێنەی شاعیرێك وەك ئەوەی مێژوونووسێکی ئەدەب لەسەدەی هەژدەهەمدا دەیکێشێت، جیاوازە لەوەی مێژوونووسێکی تر لەکاتی ئێساتادا دەیکێشێت…بەهەمان شێوە ئەو شتانەی، کە مێژوونووسەکان بایەخی پێدەدەن و لای ئەوان گرنگە لە سەردەمێکەوە بۆ سە ردەمێکی تر دەگۆڕێت(مۆنس، 1984، ل42-43).

کەواتە دەتوانین بڵێین بایەخ و گرنگیدان بەشتەکان، دەکەوێتە سەر ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگاو ئەو قۆناغەی تیایدا دە ژیت، بۆیە دەبینین پەیوەندیەکی پتەو و بەهێز هەیە لەنێوان سروشتی کاری مێژوویی نەتەوەیەك لەنەتەوەکان، لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیری و سیستەماتیکی شارستانی ئەو نەتەوەیەدا، ئەمە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کەوا ئاستی ڕۆشنبیری و جۆری ڕۆشنبیری نەوەکان کاریگەری بەسەر نووسینەوەی مێژوو دەبێت و مۆرکی خۆی پێدەبخشێت، بۆ نمونە کاتێك ڕۆشنبیری ئاینی باڵادەست دەبێت، نووسینەوەی مێژوو مۆرکی ئاینی بەخۆوەدەگرێت، بەتایبەتی لەو مەسەلانەی، کە دەتوانێت خۆی لەقەرەیان بدات و چارەسەریان بکات، مارکس دەڵێت:" مرۆڤایەتی تەنیا ئەو مەسەلانە دەخاتەروو، کە دەتوانێت چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە". هەموو شارستانیەتێك و هەموو نەوەیەك، پشت بەمێژووی خۆیان دەبەستن بۆ ئەوەی ڕووناکی بخەنە سەر ئەو مەسەلە تایبەتیانەی، کە دەخرێتە بەردەمیان، ، (مێژوو) وەك ئەوەی، کە ئەوان دەیبینن و لێی تێدەگەن، نەك وەك ئەوەی، کەهەیە، بۆیە لەژێر کاریگەربوون بەو دۆخە، شێوازی بیرکردنەوەی مێژوونووس و نووسینەوەی مێژوو، ڕەنگدانەوەی ئەو هزرو دۆزانە دەبێت، کە لەکاتی نووسینەوەی مێژوودا لەئارادایە…ئەمەیە وای لەکەسێکی وەکو (بینیدیتو کروچە) کرد، کە بڵێت:" هەموو مێژووی ڕاستەقینە مێژووی هاوچەرخە، واتە مێژووی ئێستایە"( هوراس، 1974، ل18-19).

كاتێك نەتەوەیەك لەنێو ئەفسانەكان نغرۆ دەبێت، ئەوا سروشتی ئەفسانەیی هەموو ئەو كارە مێژووییانە دادەپۆشێت، كە بەرهەمی دەهێنێت، بەم چەشنە ئەگەر نەتەوەیەك چەندین جۆر لەخواوەندی ئەفسانەیی بپەرستێت، ئەوا كاری مێژووی ئەو نەتەوە دەوەستێتە سەركارو دەستكەوتەكانی ئەو خواوەندانە، كاتێكیش سەرۆكی ئەو نەتەوانە سیفەتی خواوەندیان لەو خواوەندانە سەندەوەو بۆ خۆیان برد، پێگەی خۆیان خستەسەرەوەی مرۆڤەكانی ترەوەو ئەو كاتەبوون بەهاوبەشی خواوەندەكان لەمێژوو، ئەفسانەكانی گریك نمونەی ئێجگار زۆریان لەوبارەیەوە تێدایە، ئەفسانەكانی هیندیش بەهەمان شێوە، لەوانە مهابهارتاو رامایانا.

دوای ئەوەقۆناغی بەكەسیكردنی مێژوو دەست پێدەكات، پاشان مێژوونووسی گریكی (هیرۆدۆت425 پ.ز)، كە بە باوكی مێژوو ناسراوە، سروشتی ئەفسانەیی لەمێژوو سەندەوەو رەهەندی تری خستەسەركاری مێژوویی لەوانە:

1- ئاوەزمەند كردنی مێژوو، كە ئەویش پابەند بوونە بە نووسینەوەی رووداوەكان وەك ئەوەی روودەدەن و دوور بێت لەخورافەو ئەفسانە.

2- بە(جیهانیكردن)ی مێژوو، واتە لەپاڵ مێژووی تایبەتی، بایەخ بە مێژووی گەلانی تر بدرێت و بنووسرێتەوە(عبدالحمید، 2008، ل 18-19).

گریكەكان دوو روانگەیان هەبوو دەربارەی ئەوەی، كە ئایا هزر حوكمی جیهان دەكات؟! روانگەی یەكەم پێی وابوو كەهزر حوكمی جیهان دەكات، لەوبارەیەوە (ئەناكاسا گوراس- Anaxagoras)ی گریكی یەكەم كەس بوو باسی ئەوەی كرد، كە ( NOUS)، واتە تێگەیشتن بەشێوەیەكی گشتی، یاخود ئاوەز حوكمی جیهان دەكات. روانگەی دووەم هیچ بوارێك بۆ رێكەوت و هۆكاری سەرپێی و دەرەكی نیەو باوەڕیان بە تیوری (بایەخپێدانی خواوەند)(نظریەالعنایەالالهیە) هەیە(مۆنس، 2001، ل104-106).

سەرباری ئەمانە هەر چینێك، كە جڵەوی دەسەڵات دەگرێتە دەست، هەوڵ دەدات مێژوو لەروانگەی خۆی و بەگوێرەی بەرژەوەندیەكانی خۆی بنووسێتەوە، بێگومان لەمەشدا رووبەرووی ئەو چین و توێژو تەنانەت رۆشنبیری و كەلتوورانەدەبێتەوە، كە بەرژەوەندیەكانیان لەگەڵ ئەودا یەكناگرێتەوە. چینی بۆرژوازی كاتێك لەرێگای سەركەوتنەكانیەوە ویستی چیرۆكی گەشەسەندنەكانی خۆی تۆمار بكات، رووبەرووی چڕی دامو ودەزگا مێژووییەكان و قورسی داب و نەریت وبیرو باوەڕەكان و توندوتیژی خەبات و یەك لەدوای یەك هاتنی سەركەوتن و شكستەكانی بووەوە. گریمانی ئەوەدەكرێت، كە ئەو مێژووی لەمرۆڤدا دۆزیەوە، لێرەوە دەستپێكردو ئەو بۆچوونەی هەموو ئەو شتانەشی گرتەوە، كەدروستی كردبوون، هاوكات ئەو زمانەشی گرتەوە، كەپێی دەدوا، هەروەها شتی لەوانە دوورتریشی گرتەوە، توێژینەوەی ئابووری و مێژووی ئەدەبیات و رستەسازی و رێزمانی گرتەوە، تەنانەت خودی ژیانیشی گرتەوە. لەم روانگەیەوە، لەكۆتایدا رەنگدانەوەی بڵاوبوونەوەی ئەو مێژوویزمە، كە یەكەم جار لەمرۆڤدا دۆزرایەوەو وردە وردە لەسێكتەری مەعریفی، لێی دووركەوتەوە. بەڵام ئەوەی، لە واقعدا روویدا، ئەوەبوو، كە یەكەم جار شتەكان مێژوویەكی تایبەت بە خۆیان بەدەست هێنا، لەو كەلێنەی رزگاركردن، كە خودی مێژووی مرۆڤ خۆی بەسەر دەسەپاند، بەشێوەیەك، كە مرۆڤ بە خودی خۆی گەیشت و خۆی لەو شتانەداماڵینی، كەروونترین نێواخنی مێژووەكەی پێكدەهێنا. لێرەوە، چیتر مامەڵەی لەگەڵ ئەندێشەو ئەفسانەكان نەكرد، لای ئەو چینە سروشت دەربارەی ئەفراندنی جیهان و بەكۆتاهاتنی. لەگەڵی نەدەدوا، وای لێهات چیتر تەنیا بەزەمەنی سروشتی نەدوێت، سەرمایەكانی چیتر دەلالەتیان لەكۆنی چاخی زێڕین، یاخود گەڕانەوەی رابردووی نەدەكرد، وەك دەڵین ئەو تەنیا لەسەر مەرجەكانی بەرهەم هێنان دەدوا، كە بە درێژایی مێژوو گۆڕانكاری بەسەرردادێت، ئەوتەینا وا دەبینی، كە لەناو بوونی خودی خۆیدا دەدوێ و كاردەكات و بە شێوەیەكی ئالۆز لەگەڵ مێژووەكاندا دەژی، كە ملی بۆ كەچ ناكەن و هەماهەنگ نین لەگەڵیدا، لەبەرئەوەی ئەو كەلێنەی، كە مەعریفە پڕی دەكردەوە پارچە پارچەبوو، لەئەنجامی ئەوەش هەر سێكتەرێك رزگار بوو، خۆی لەدەوری چارەنووسی خۆی كورژ كردەوە. لەراستیدا چینی بۆرژوازی هزری مێژوویی و شێوازی نووسینی مێژووشی وەكو هەموو شتەكانی تر گۆڕی و مۆركی خۆی پێیەوەلكاند، بەڵام یەكێك لەتایبەتمەندیەكانی سەدەی نۆزدەهەم بەتەنیا دۆزینەوەی بیركردنەوەی مێژوویی نیە، بەڵكو ئەو رەوگەنوێیەیە، كە گرتیەبەر، لەراستیدا كودەتایەك بوو روویداو جێگای سەرسامیە، جۆرێكە لە (شۆڕشێكی كۆپەرنیكی)، كەبووە سۆنگەی ئەوەی زانستی مێژوو بەشێوەیەكی نوێ بخاتەروو، وەك چۆن (كانت) ویستی ببێتە كۆپەرنیكی فەلسەفە، بەهەمان شێوە دەتوانین نازناوی (كۆپەرنیكی مێژوو) لە(هیردر) بنرێت، نووسینەكانی (هیردر) بەو پێیەی، كە مێژوونووسێك و فەیلەسووفێكی مێژووە جیاوازی لەسەرە، بۆیە ئەگەر تەنیا ئەو دوو سیفەتەمان پێبەخشی لەبایەخی كەم دەكەینەوە، چونكە ئەو هەرگیز وەك فەیلەسووفێكی مێژوو هەرگیز سەركەوتنی بەدەست نەهێنا لەوەی سیستەماتیكێكی یەكانگیر دامەزرێنێت، كە كامڵ بێت لەخودی خۆیدا. ئەو پێی وابوو، كەبۆ راڤەكردنی مێژوو دەبێت تەنیا پشت بەسروشتی مرۆڤ خۆی ببەسترێت، لەپاڵ ئەمەشدا نەیتوانی خۆی لەبۆچوونەكۆنەكە بایەخ پێدانی خواوەند(العنایەالالهیە)، واتە تیووری بایەخ پێدانی خواوەند رزگار بكات(كاسیرر، 1997، ل8). لەراستیدا ئەم روانگەیە بووە هۆی گۆڕینی كرۆكی مێژوو، رووداوەكان هێندەگرنگ بوون بە رادەی ئەوەی بتوانن سروشتی مرۆڤایەتی ئاشكرا بكەن و پەردەی لەروو هەڵماڵن، هەروەها ئەوەی لەرابردوودا روویدا بوو، بووە رەمز، (هیردر) پێی وابوو، بە تەنیا لەرێگای رەمزەوە دەتوانین لەسروشتی مرۆڤ تێبگەین و دەربڕینی بۆ بكەین(كاسیرر، 1997، ل10).

لەماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا لەئەوروپای رۆژئاوا دوو شەپۆڵی سەرەكی لەئارادابوو:

1- شەپۆڵی ریالیزمی بابەتیانە(Objective Empiricism)، کەپێیان وابوو دەتوانرێت راستەقینە مێژووییەکان وەك ئەوەی لە رابردوودا هەبووە بنووسرێتەوە.

2- شەپۆڵی دووەم پێیان وابوو، کە رووداوەکانی مێژوو یەك لەناو یەکتردا لەدایك دەبێت، ئەوانە زاراوەی میژوویزمیان (Historicism)بەکاردەهێنا، مێژوویان وەك پرۆسەیەکی لەدایك بوونی بەردەوام دەبینی و باوەڕیان بەوە هەبوو، کە پرۆسەی لەدایك بوونەکە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بەردەوام دەبێت(مۆنس، 2001، ل65).

یەکێك لەو بوارانەی سەرنجی فەیلەسووفەکانی بۆ لای خۆی راکێشاو، لەگەڵ هەریەك لە(کانت) و (هیگل) و (مارکس)، گەڕان بوو بەدوای روحی مێژوو، کە بووە مۆدەی چەرخەکە، ، تا وای لێهات ناویان لەو چاخەنا(چاخی تای مێژوو)، تیایدا مێژوو گە یشتە بەرزترین ئاست، کە ئاوەزی مرۆڤ لەئەبستراکتیزەکردن و وێناکردن بیگاتێ، ئاوەز لەگەڵ واقعدا چوون یەك بوون، ئەمە دوا کۆتایی بوو، کە ئاوەزی مرۆڤ لەمێژوودا پێی گەیشت، کۆتایی مێژوو بووەئەنجامێکی لۆژیکی، لەو مۆرکەی، کە باڵی بەسەر مێژووی (هیگل)یدا کێشا، مۆرکی ئاینی، کە خۆی لەئاینی کریستیانیەتیدا دەنواند، ئەمەش باڵاترین خاڵ بوو، توێژینەوە لەبواری فەلسەفەی مێژوودا پێی بگات، (نیچە) لەو بارەیەوە دەڵێت (لەژێر چەتری ئاینی جوولەکەدا)، لەو مۆرکە ئاینیەدا، خوا دەبێتە زامنکەری ئە نتۆلۆژی و باڵا بوونی هەموو هەبوون، هەروەها خوا بزوێنەری یەکەمە بۆ سیستەمی گەردوون و توانا زانستیەکەی مرۆڤ بۆ رام کردن و بەئاوەزکردن و بەڕێوەچوونی رووداوەکان. هەر تەنیا لەبەر ئەمەش بوو، وا وێنا دەکرا. کە مێژوو لەدەرەوەی چوارچێوەی مرۆڤ مەحکومە بەویستێکی باڵای گەورەو پیرۆز، (نیچە) ناوی لەم حاڵەتەنا(داڕمان، یاخود مێژووی راکردن)(مراد: .(http://www.aljabriabed.net

بیرکردنەوەی بەردەوام لەمێژوو بووەسۆنگەی ئەوەی، کە روانین بۆ مێژوو گۆڕانی بەسەردابێت و چوارچێوەی نووسینە وەی مێژوو فراوانتر بێت، واتە بە تەنیا پشت بەرووداوەکان نەبەسترێت. دیارە، کە بەرلەو کاتە رووداوەکان بایەخیان زۆر پێدەدراو مێژوو بەشێوەیەکی گشتی بریتی بوو لەمێژووی سیاسی. شان بەشانی بایەخدان بەرووداو پشت بەستن بەدۆکیومێنتەکانیش برەوی سەند، تەنانەت مێژوو بوو بەشێوازێك لەلێکدانەوەو راڤەکردنی دۆکیومێنتەکان، پۆزەتیڤیستەکان وایان دادەنا، کەناتوانرێت بەبێ دۆکیومێنت مێژوویکی پوخت بنووسرێتەوە، بەڵام دوای ئەوە بونیادگەراکان کاریان لەسەر ئەوەکرد، مێژوو لەمێژووی دەسەڵاتدارە کان بسەنەوەو بیکەن بەمێژووی خەڵك، واتە مێژووی مرۆڤ بەهەموو پێکهاتەدەروونی و جەستەکانیەوە. لێرەدا دەتوانین تایبەتمە ندیەکانی مێژووی بونیادگەری لەچەند خاڵێکی بنەڕەتیدا چڕ بکەینەوە:

1- مێژوو، مێژووی هەموو خەڵکە: بەپێچەوانەی مێژووی تەقلیدی، کە بەشێوەیەکی ناهووشیارانە کراوەتە مێژووی دەستە بژێرێك.. .. مێژووی خەڵك، واتە مێژووی هەمووان، تەنانەت ئەوانەش لاتەریك ناکات، کە پێگەیەکی تایبەتیان لەدەسە ڵات و زانست و سامادا هەیە، هەوڵ دەدات ئەمانە لەپێگەی گونجاوی خۆیانیان دابنێت. پێگەی کەمینەیەکی دیاریکراو کە لە کاودانێکی نائاسایدا دەبوژێتەوە.

2- مێژوو، مێژووی دەروونیە: توێژینەوە لەو بابەتە نوێیانەی، کە پێشتر سەرنجی زانایانی رانەکێشابوو،. .. ئەم روانگەیە، کە پەیوەستەبەدیموگرافیایی مێژوویی، دەرگای بەرووی دەرهاویشتەی چەندایەتی لەدایك بوون و ژنهێنان و مردن و بابەتە کانی هاوشێوە بۆ مێژوونووسان کردەوە، توانی وەسفی پەیکەری ئەو دیموگرافیایە بکات، کەل ەرێگای کۆمەڵەکانی دانیشتوانەوە گەشەدەکات، هەروەها توانی پەرچەکرداری ئەوانە بزانێت بەرامبەر ئەو دۆخەی تیایدا دەژین، پەردەی لە رووی رەفتارە نهێنی و زۆر تایبەتیەکانیان هەڵماڵی، بەم چەشنە دیموگرافیا بووە ئامڕازێکی پێداویستی بۆ زانینی لایەنی دەروونی مێژوو .

3- مێژوو، مێژووێکی ئەنترۆپۆلۆژیە: ئێبینی ئەوەدەکرێت، کە ناتوانرێت ئیشکالیەتی زەمەن، بە شێوەیەکی پێشوەختە لە بوارێکی دیاریکراودا بئاخنرێت، لەبەرئەوەی ئەو خۆی لەخاڵەکانی یەکتربڕینی ئابوری و سیاسیدا لەنێوان ئەوەی کەکۆمە ڵایەتیەو ئەوەی، کە مێنتاڵیە بابەت دەگرێت ، بەو پێیەی بابەتێکەو مێژوونووسەکان دەیڵێنەوە. لێرەدا زەمەن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کۆییە(کلیە)، بەکۆمەڵێك تایتمەندی، لەشێوەو بەشی جیاوازدا بەگوێرەی کومەڵگاکان و بەگوێرەی ماوە زەمە نیەکان جیادەکرێتەوە.

4- مێژوو، مێژووی بایۆلۆژیە: واتە بایەخ بەدیاردەکانی وەك خواردن و سێکس و هەڵوێستەکانی مرۆڤ لەجەستەو مردن و نە خۆشیەکان دەدات، لەپەرچەکردارەکانی مرۆڤ بەرامبەر فشارە سروشتیەکان دەتوێژێتەوە.

بەم چەشنەمێژوو بە بایۆلۆژیەوە پەیوەست دەبێت بەبایۆلۆژی دادەنێت و ئەوەی بایۆلۆژیا پێشکەش بەمێژووی دەکات سەرە نجامی توێژینەوەکانیەتی، ئەویش سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕ زانیاریە، مێژوو نووسان تا ئەمڕۆ بەهۆی ئەوەی توانای ئەوەیان نەبووە توێژینەوە لەسەر جەستە بکەن، فەرامۆشیان کردووە. دەتوانین بەتوێژینەوە لەبەش و جۆرەکانی خوێن، مرۆڤ بناسین(ئەو کۆمەڵە جیناتەی، کە هەیەتی)، بەهۆی دووبارە بوونەوەی زنجیرەی ئەو جیناتانە دەتوانین گرووپەکانی مرۆڤ بناسینەوەو بەپێکهاتەی جیناتە کان، کۆمەڵە جیاوازەکان دیاری بکەین و بەدواداچوون بۆ پێشکەوتنەکانی بکەین، بایەخی ئاڵوگۆڕو جۆرەکانیان روون بکەینەوە، بە مەش دەگەینە پوختەی مەسەلەی تێکەڵ بوونی ئەتنیکی لەنێوان ئەو گرووپانەی لەیەکتر نزیکن و دەتوانین جوولەی کۆچکردن و رێزبەندی گرووپەمرۆییەکان (بەگوێرەی لەیەکترنزیکی جیناتەکانیان) بزانین( لوغوف، 2007، ل220-227).

بەهەمان شێوەکرۆنۆلۆژیستەکانیس هەوڵیاندا چوارچێوەی رووداو تێپەڕێنن، ئەو نوێکردنەوانەی، کەقوتابخانەی کرۆنۆلۆژی لە گەڵ خۆیدا هێنای ئەو کەلێنانەی لەرووداوەکاندا تێپەڕاند، کەتەنیا جەختی لەسەر قۆناغی درێژ لەمێژوودا دەکردەوە، هاوکات چاوی لەژیانی سیاسی پۆشی و رووی لەچاڵاکیە ئابووریەکان و بنەماکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتی کرد، ئەو بۆچوونانە لە کاتێکی زوودا لە وتارەکانی(لوفیفر) و (مارك بلوخ) بەدیدەکران، (بلوخ) بایەخی بەلێکدانەوەی داکەوتە ئابوریەکان داو داوای کرد مێژوو بەبوارەکانی ترەوە ببەسترێتەوە، بەتایبەتیش ئەنتروبولۆژیاو زمان ناسی، بەپێویستی دەزانی، کە مێژوونووس شارەزایی لەزانستە یاریدەدەرەکان هەبێت، وەك جوگرافیاو ئەتنۆلۆژیاو ئابوری و دیموگرافیا، بەم پێیەش دەبوایە مێژوونووس لەچوارچێوەی کۆمەڵێك توێژینەوەدا کاربکات، هەرچی (لوفیفر)ە، داوای دەکرد هەموو بوارەکانی واقعی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە ببەسترێتەوەو پێداویستی بەیەکەوە لکاندنیان بەدیاربخرێت، هەروەها داوای کرد، کە رێزبەندیەکانی ئەو بوارانە هەڵبگێڕدرێتەوە، واتە دەستپێکردن لەئابوریەوە بۆ سیاسی، لەجیاتی ئەوەی لەسیاسیەوە بەرەو ئابوری بچێت. (برودویل) رەنگدانەوەی ئەو بۆچوونەنوێیەلەسەر نووسینی مێژوو بە روونی دەردەبڕێت، کاتێك ئاماژە بەوە دەکات، کە پێویستە" گۆڕانکاری لەمیتۆد بکرێت و سەنتەری بایەخدانەکان بگوازرێتەوە بۆ سە رهەڵدانی مێژوویکی چەندایەتی، کە هێشتا دوا وتەی خۆی نەگوتبێت" (ولد اباه، 1994، ل3).

بە تێپەڕینی زەمەن چوارچێوەی مێژووی هێندە فراوان بوو، کە لەگەڵ ژمارەیەکی تر لەزانستە مرۆڤایەتیەکانی تر یەکتر بگرێتە وەو تێکەڵ ببێت، واتە ئەو لەیەکتر جیاکردنەوەو دابەشکردنەی، کە مۆدیرنیتە لەگەڵ خۆیدا هێنای، وورده ورده لەباریەك هەڵوە شایەوە، سۆنگەی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تێکەڵاویەکی هێندە بەهێز لەنێوان مێژوو ئەو زانستانەدا هەیە، رەنگ بێت بەبێی یەکتر، بایەخێکی ئەوتۆیان نەمێنێت، چونکەمێژوو لەگەڵ ئەو زانستانەدا هاوبەشیەکی گەورەی هەیە، بۆ نمونە(جفری باراکلو) لە کتێبەکەیدا(رەوگە گشتیەکان لەتوێژینەوە مێژووییەکاندا) باس لەبوارەکانی هاوبەشیکردنی ئەنترۆپۆلۆژیا لەمێژوودا دەکات و لەچەند خاڵێکدا کۆیدەکاتەوە، پێی وایە، کە بەهۆی روانگەی ئەنترۆپۆلۆژیەوە بە تایبەتی و زانستەکۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی گشتی مێژوونووس دەتوانێت روانگەی خۆی بۆ واقعی مێژوویی بگوێزێتەوە لە:

1- لەتایبەتیەوە بۆ گشتگیری (خورافەتی تاك لایەن بوون)

2-لەرووداوە دەگمەنەکانەوە بۆ هاوشێوەکانی.

3-لەتەنیا یەك رووداوەوە بۆ نمونە(جەنگ)، بۆ زنجیرەیەك رووداو. واتە پەیکەری پێکهاتەی گشتی، کەرووداو و کەسایەتیەکان کاری تیادا دەکەن، لەبەرئەوەی ئەو پەیکەرە ، بنەمای هەموو ژیانی کۆمەڵایەتیهی بۆ هەر کۆمەڵگایەك لەکۆمەڵگاکان پێکدەهێنێت. جە ختکردنەوەی ئامانجەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا لەسەر وێنەی پێکهاتەیی کۆمەڵگای ئادەمیزاد، وای لەمێژوونووسی هاوچەرخ کرد، کەجە خت لەسەر پێداویستی چەمکی پێکهاتەیی لەهەموو نوسینێکی مێژوویی جدی دا بکاتەوە، ئەمەش لەنووسینەکانی قوتابخانەی (کرۆنۆلۆژی) و قوتابخانەی(مێژووی نوێ) رەنگی دایەوە، لەرێگای ئەنترۆپۆلۆژیاوە مێژوونووسی هاوچەرخ بایەخی بەکۆمەڵێك بابە تی نوێدا، کەلە لایەن مێژوونووسە کلاسیکیەکانەوە پشتگوێ خرابوو، وەکو کاروباری پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکان و خێزانی ەکان، واتە وەك بابەتەکانی (خێزان، خزمایەتی، یاسا، محەرەمات، ئاسایش، داب و نەریتەکان، خۆراك، جلوبەرگ، تقوس و رێ و رەسمەئاینی و ئاهەنگیەکان.). تێگەیشتن لەو بابەتانە کەوتە چوارچێوەی روانێنێکی پێکهاتەیی بۆ هەموو مێژوو. بەکردنەوەی ئەو دۆسیانە لە لایە ن مێژوونووسەکانەوە، لەلایەك کەرەستەو بابەتی مێژوو زانستی مێژوو فراوانتر بوو، لەلایەکی تر بووە هۆی گۆڕینی وێنەی گشتی توێژینەوەی مێژوویی بۆ:

- بەیەکەوەگرێدان لەجیاتی گێڕانەوەی وەسفی.
- کۆمەڵگا لەجیاتی دەوڵەت.
- مێژووی شارستانیەت لەجیاتی مێژووی سیاسی.

بەکورتی مێژوونووسان زیاتر درکیان بەوە کرد، کە ئەنترۆپۆلۆژیاو کۆمە ڵناسی دەتوانێت چەند خزمەت پێشکەش بەکارە کانیان بکات، گەیشتنە ئەو بڕوایەی، کە مێژوو دەتوانێت رەهەندێکی نوێ و پڕ بایەخ بۆ سوسیۆلۆژیاو ئەنترۆپۆلۆژیا زیاد بکات، ئە ویش رەهەندی زەمەنە، کە پێشتر ئەو زانایانە کەمتر بایەخان پێدابوو (السعیدی:www.aljabriabed.net) .

**سەرئەنجام**

پەیوەندیەکی پتەو لەنێوان مێژوونووس و مێژوودا هەیە و بەبێ بوونی مێژوونووس شتێك نیە بەناوی مێژوو، بەڵکو تەنیا ئەرشیفێکی مردوو دەبێت لەسەر رەفەکاندا و تۆزی لێ دەنیشێت. ئەوە مێژوونووسە دێت و گیان دەخاتەبەر ئەو پەڕاوانە، بە گوێرەی ئاستی زانیاری و پێوستیەکانی سەردەمەکەی، رووداوەکان هەڵدەبژێرێت و بایەخیان پێدەبەخشێت. بۆیە زۆر گرنگەبەر لەوە ی مێژوو بخوێنرێتەوە، پێویستە بزانرێت مێژوونووسەکەکێیە؟

1-هەر شتێك دەربارەی رابردوو گوترا پێی ناگوترێت مێژوو، هاوکات ئەوەی دەربارەی رووداوەکانی رابردووشی نووسی پێی ناگوترێت مێژوونووس! بەڵکو مێژوونووس دەبێت چەند سیفەتێکی تێدا بێت، لەوانە ئاستی زانیاری و ئەمینی و دست پاکی، پێویستە

مێژوونووس خاوەنی ئاوەزێکی هووشیار و دنیا بینی خۆی هەبێت، هەروەها دەبێت لەئاستی ئەو ئەرکانەدا بێت، کە قۆناغەکەی داوای لێدەکات. دەبێت بێلایەنانە ڕووداوەکان هەڵبژێرێت، خوێندنەوەیان بۆ بکات و توانای شرۆڤەکردنی ڕووداوەکانی هەبێت.

2-نووسینەوەی مێژوو بەگێڕانەوەی ڕووداوێك دەست پێدەکات، لەگێڕانەوەشدا دەبێت ڕەچاوی چنین و ڕێکخستنی ڕووداوەکان بکرێت. لەگێڕانەوەی مێژوویدا دەبێت ئامانجێك هەبێت، یاخود نیازێك لەو گێڕانەوەیەدا هەبێت، چونکە گێڕانەوە لەمێژوودا لە پێناو گێڕانەوەو کات بەسەر بردن نیە، بەڵکوو مێژوو کێلگەیەکی ئەزموونکاری ڕەفتارەکان و ژیانی مرۆڤە، کارگەیەکە تیایدا هەوڵدە درێت، لەڕێگای ڕابردووەوەداهاتوو بەرهەم بهێنرێت. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین، کە سروشتی مێژوو بەتەنیا بوونی گێڕانەوەو بوونی نیازێك بەخۆوە ناگرێت، بەڵکو لەپاڵ ئەمانەشدا مێژوو سروشتی ڕەمزی وئەندێشەیشی هەیە.

3-ڕووداو ڕۆلێکی گرنگ لەنووسینەوەی مێژوودا دەگێرێت و لەزۆربەی ڕەوگە مێژوویی و هزرییە مێژووییەکاندا، بەکرۆکی مێژوو هە ژمار دەکرێت. بەشێوەیەکی گشتی ڕووداوی مێژوویی لەسێ ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت، کات-شوێن- مرۆڤ، بەبێ بوونی مرۆڤ ناتوانین باس لەمێژووی مرۆڤایەتی بکەین و ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن دەکەونەچوارچێوەی مێژووی سروشتیەوە. ڕووداوەکان هە رچۆنێك بن، گەورەبن یاخود بچووك ئەوەی بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە ئەوەیە، کە قۆناغی بەر لەڕوودانیان جیاوازە لەقۆناغی دوای ڕوودانیان، بۆیەڕووداو لەدەرەوەی گێڕانەوەو شرۆڤەکردندا هیچ بەهایەکی نامێنێت، چونکە لەڕێگای ئەو گێڕانەوەو شرۆڤە کردنە دایە، کە مێژوونووس دەتوانێت واتایەك بە ڕووداوەکە ببەخشێت!

4-مێژوونووس ناتوانێت دەست بەنووسینەوەی مێژوو بکات ئەگەر بێت و کۆمەڵێك دۆکیومێنت و داتاو زانیاری لەبەردەست دا نە بێت، نووسینەوەی مێژوو بەقۆناغی کۆکردنەوەدەست پێدەکات، پاشان هارمۆنەتیزە دەکرێ و دوای ئەو قۆناغی شیکردنەوەو ڕەخنە گرتن دەست پێدەکات.

5- بایەخی هەموو مێژووێك بەگوێرەی سەردەمەکەی خۆیەوە گرنگە، مێژوونووس بە گوێرەی پێویستی و بایەخەکانی سەردەمەکەی خۆی مێژوو دەنووسێتەوە، واتەدنیا بینی مێژوونووس بەندە بە تێگەیشتنی خۆی لەسەردەمێکی دیاریکراودا، بۆیە نووسینەوەی مێژوو بەگوێرەی سەردەمەکان دەگۆڕێت، تەنانەت یەك مێژوو لەدوو سەردەمی جیاوازدا ناتوانرێت بەیەك شێوە بنووسرێتەوە، ئەمە وا دەکات هەر نەوەیەك خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ مێژووی قۆناغەکانی تر هەبێت.

6-بنەمای هزری کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر مێژوونووس و لەڕێگای ئەویشەوە بەسەر مێژووەوە هەیە، ئەو نەتەوانەی، کە لە قۆناغێکی هزری جیاوازدا دەژین، ناتوانن هەمان خوێندنەوەی ئەو نەتەوانەیان بۆ مێژوو هەبێت، کەلەقۆناغێکی زەمەنی پێشکە وتووتر دان! کەواتە نووسینەوەی مێژوو ڕەنگدانەوەی ئەو ئاستە هزرییەیە، کە کۆمەڵگا تیایدا دەژی.

## بیبلۆگرافیا

### به زمانی عەرەبی

**نامەی ئەکادیمی:**


1- بلخن، جنات، نظرية السرد التاريخی عند بول ريكور، مذكرة مكملة لنيل درجة ماجستير في الفلسفة مقدمة الى قسم الفلسفة في جامعة منتوری، قسنطينية، 2010، غير منشور

**کتێب**

2- ابن خلدون(ولی الدين عبدالرحمن بن محمد732-808ه)، مقدمة ابن خلدون، حقق نصوصه، وخرج احاديثه، وعلق عليه: عبدالله محمد الدرويش، الطبعة الاولی، دار اليعرب، دمشق، سوريا، 2004.

3- اتكن، هيو ج. ، دراسة التاريخ و علاقتها بالعلوم الاجتماعية، ترجمة: د.محمود زايد، دارالعلم للملايين، بيروت، لبنان، بلا س.

4- ارسطو، فن الشعر، ترجمة وتقديم وتعليق:د.ابراهيم حمادة، الناشر:مكتبة الانجلو المصرية، بلاس.مكنط.

5- ارون، ريمون ، فلسفة التاريخ النقدية-بحث في النظرية الالمانية للتاريخ، ترجمة:حافظ الجمالي، منشورات وزارة الثقافة، الجمهورية العربية السورية، دمشق، 1999.

6- بوس، لانجلواوسينو ، المدخل الى الدراسات التاريخية، نشر ضمن كتاب النقد التاريخی، ترجمة: عبدالرحمن البدوی، النشر وكالة المطبوعات، الطبعة الرابعة، الكويت، 1981.

7- تولار، تويلية و غي و جان ، صناعة المؤرخ، ترجمة: د.عادل العوا، دار الكلمة للنشروالتوزيع والطباعة، الطبعة الاولی، دمشق، سوريا، 1999.

**توێژینەوە:**

8- جوتشلك، لويس ، كيف نفهم التاريخ-مدخل الى تطبيق المنهج التاريخی، ترجمة: د. عائدة سليمان عارف و د. احمد مصطفى ابو حاكمة، دار الكاتب العربي، 1966.

9- دولونی، فرانسوا ازوفي-مارك، مسألة الذات، ضمن حوار فرانسوا ازوفي-مارك دولونی، ترجمة:عبدالرحيم الزحوتی، ضمن موقع:. http://membres,lycos.FR /minbar/10 -10 -2008/11 :30.

10- رستم، اسد ، مصطلح التاريخ-وهو بحث في نقد الاصول وتحری الحقائق التاريخية وايضاحها وعرضها وفي ما يقابل ذلك في علم الحديث، المتكبة العصرية، الطبعة الاولی، صيدا- بيروت، لبنان، 2002.

11- روزنتال، فرانز ، علم التاريخ عند المسلمين، ترجمة:د.صالح احمد العلي، الطبعة الثانية، مؤسسة الرسالة، بيروت، لبنان، 1983.

12- ريكور، بول ، الذاكرة التاريخ النسيان، ترجمة وتقديم و تعليق:د.جورج زيناتي، الطبعة الاولی، دارالكتاب الجديد، بيروت، لبنان، 2009.

13- ريكور، بول ، الزمان والسرد، الحبكة والسرد التاريخي، الجزء الاول، ترجمة:سعيد الغانمي و فلاح رحيم، راجعه عن الفرنسية:جورج زيناتي، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، لبنان، 2006.
14- الزين، محمد شوقي ، فلسفة التاريخ وتكوين البشرية عند يوهان هردر- من نظام المعرفة الى نظام الحقيقة، مؤمنون بلا حدود مؤسسة دراسات وابحاث، ص.13 :http://www.mominoun.com/articles
15- ستروس، كلود ليظى ، الانثروبولوجيا البنيوية، ترجمة:د.مصطفى صالح، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومى، دمشق، 1977.
16- السعيدى، عبدالسلام ، جدلية التاريخ والحضارة : http://www.aljabriabed.net/n34_09saidi.html
17- صبحى، احمد محمود، في فلسفة التاريخ، مؤسسة الثقافة الجامعية، الاسكندرية، 1975.
18- صليبا، جميل ، المعجم الفلسفى بالالفاظ العربية والفرنسية والانكليزية واللاتينية، الجزء الاول، دار الكتاب اللبنانى، بيروت، لبنان، 1982.
19- ڤين، پول، ازمة المعرفة التاريخية-فوكو و ثورة في المنهج، ترجمة وتقديم:ابراهيت فتحى، مؤسسة الاهرام للنشر والتوزيع، القاهرة، 1998.
20- عبدالحميد، صائب ، علم التاريخ و مناهج المؤرخين، في علم التاريخ نشـة وتدويناونقدا وفلسفةومناهج كبار مؤرخى الاسلام، الطبعة الثانيةمركز الغدير، بيروت، لبنان، 2008.
21- عثمان، حسن ، منهج البحث التاريخى، دار المعارف، الطبعة الثامنة، القاهرة، لا م.س.
22- العروي، عبدالله ، مفهوم التاريخ-الالفاظ والمذاهب، المفاهيو والاصول، الطبعة الرابعة، الناشر:المركز الثقافي العربي، الدار البيضائ، المغرب، 2005.
23- غادامير، هانز جورج ، الحقيقة والمنهج-الخطوط الاساسية لتأويلية فلسفية، ترجمة:د.حسن ناظم و على حاكم صالح، راجعه على الالمانية:د:جورج كتورة، الطبعة الاولى، دار اويا، طرابلس، الجماهيرية العظمى، 2007.
24- فرو، قيس ماضي ، المعرفة التاريخية في الغرب-مقاربات فلسفية وعلمية وادبية، الطبعة الاولى، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، الدوحة، قطر، 2013.
25- فوزى، حسين ، التاريخ والسير، دارالقلم، القاهرة، 1964.
26- كاسيرر، ارنست ، في المعرفة التاريخية، ترجمة:احمد حمدى محمود، مراجعة: على ادهم، الطبعة الثانية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1997.

**كتێب**

27- الكوثراني، وجيه ، تاريخ التاريخ-اتجاهات-مدارس-مناهج، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، الطبعة الثانية، بيروت، 2013.
28- كوسكا، ديظيد ، هيدغر ودورالمؤرخ، العدد 230 - الخميس 24 أبريل 2003م الموافق 21 صفر 1424هـ
:http://www.alwasatnews.com/news/205410.html
29- كولنجوود، ر.ج. ، فكرة التاريخ، ترجمة:محمد بكير خليل و محمد عبدالواحد خلاف، الناشر:لجنة التاليف والترجمة والنشر، 1968.
30- لوغوف، جاك ، التاريخ الجديد، ترجمة وتقديم:د.محمد الطاهرالمنصورى، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، 2007.
31- مراد، قواسمى ، روح التاريخ عند نتشة: http://www.aljabriabed.net/n74_04kawasmi.htm
32- مونتسكيو، تأملات في تاريخ الرومان، اسباب النهوض والانحطاط، نقله من الفرنسية الى العربية: عبدالله العروى، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء- المغرب، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، 2011.
33- مؤنس ، حسين ، التاريخ والمؤرخون-دراسة في علم التاريخ، ماهيته و موضوعاته و مذاهبه و مدارسه عند اهل الغرب واعلام كل مدرسة و بحث في فلسفة التاريخ، الناشر:الطبعة الثانية، دار الرشاد، مطبعة عربية لطباعة والنشر، القاهرة، 2001.
34- هرنشو، ف.ج.س، ، علم التاريخ، ترجمه وعلق حواشيه واضاف اليه فصلا في التاريخ عند العرب:عبدالحميد العبادى، سلسلة المعارف العامة، مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر، 1944.
35- هوراس، جوزيف ، قيمة التاريخ، ترجمة:نسيم نصر، الطبعة الاولى، منشورات عويدات، بيروت، لبنان، 1974.
36- وايت، هيدن ، ميتافيزيقيا السردية، الزمان والرمز في فلسفة التاريخ عند ريكور، بلاَوكراوةتةوة لة: الوجود والزمان والسرد، فلسفة ڤول ريكور، ترجمة:سعيد غنيمى، الطبعة الاولى، المركز الثقافى العربي، بيروت، لبنان، 1999.
37- ولد اباه، السيد ، التاريخ والحقيقة لدى ميشال فوكو، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، دار المنتخب العربى للدراسات والنشر،والتوزيع، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، 1994.
38- وليامز، جيمس ، ليوتارنحو فلسفة ما بعد الحداثة، ترجمة: ايمان عبدالعزيز، مراجعة: حسن طلب، المجلس الاعلى للثقافة، المشروع القومى للترجمة، الطبعة الاولى، القاهرة، 2003.
39- يفوت، سالم ، الزمان التاريخى، من التاريخ الكلي الى التواريخ الفعلية، الطبعة الاولى، دار الطليعة، بيروت، 1991.

**بەزمانی ئینگلیزی:**

E. H. WHAT IS HISTORY? file:///C|/Documents and Settings/Vidula/Local Settings/Temp/Rar$EX00.750/carr.htm (16 of - Carr,40
.http://trfa.org.uk/sixthform/wp-content/uploads/2014/07/HISTORY-What-is-history-E.H-Carr.pdf و97)7/20/2006 11:28:45 AM
White , Hayden, Interpretation in History Author(s): Source: New Literary History, Vol. 4, No. 2, On Interpretation: II (Winter, 1973), - 41
pp. 281-314 Published by: The Johns Hopkins University Press Stable URL: http://www.jstor.org/stable/468478. Accessed: 02/10/2013 03
– Butterfield, Herbert (1900-1979) ,The Whig Interpretation of History(1931): 42
https://cdn.preterhuman.net/texts/literature/general/Butterfield%20(Herbert)%20The%20Whig%20Interpretation%20of%20History.pdf.
STRATHERN, Marilyn, Artifacts of history Events and the interpretation of images, 43-
http://townsendgroups.berkeley.edu/sites/default/files/strathern_artifacts_of_history.pdf
44- Samson, Steven Alan, Models of Historical Interpretation, Contra Mundum, No. 11 Spring 1994: http://www.contra-mundum.org/cm/features/12_models.pdf

## المؤرخ والكتابه التاريخيه

**ملخص**

يتناول هذا البحث العلاقه بين المؤرخ و كتابه التأريخ، وهو يتكون من ثلاث فصول، يتكون الفصل الاول من مبحثين، يدرس المبحث الاول العلاقه التأريخ المؤرخ، والمبحث الثانى يناقش واجبات المؤرخ. أما الفصل الثانى يتعامل مع السرد التاريخى والحدث التاريخى، ويتألف من مبحثين، المبحث الاول يتطرق الى السرد التاريخى والقى الضوء فى المبحث الثانى على الحدث التاريخى. يتناول الفصل الثالث والاخير دور الفكر فى الكتابه التاريخيه، و يتألف أيضا من مبحثين، حلل فى المبحث الاول مسأله الكتابه التأريخيه، وفى المبحث الثانى نوقش البناء الفكرى للكتابه التاريخيه. وأختتم البحث بأهم النتائج التى توصل اليها الباحث، ثم ذيا بقائمه لاهم المصادر والمراجع المستخدمه فى البحث.

## The Study about Historian and writing history

**Abstract**

The significance of the study:

It may not be an exaggeration to say that History constitutes one of the widest aspects of humanity sciences, and that even the natural sciences have not been able to escape its hegemony. Except History, no science can claim to have no history of its own. Therefore, research in this area has its own significance because, apart from its positive aspects, its negative and dangerous aspects cab be utilized as a harmful device among different nations and powers, or within the same nation or power, i.e., between the ruling power and the people and social groups under that power. Hence, it is of vital importance to know what History is.

The aims:

Nations across the world conducted many researches, in different languages, in the area of history. But as for the Kurdish nation, one can hardly find any researches written in Kurdish concerning this wide area of knowledge. Therefore, the aim of the study is to familiarize the Kurdish reader with the term and nature of history. This, on the one hand, acquaints the Kurdish readers with the different aspects of this field, and on the other hand, helps them to better understand the science of history.

The Problem:

The study is an attempt to answer questions like: what does history mean? What is its nature? Is it regarded a science or knowledge? Is it closer to literature or art? Is it both a science and knowledge?

Hypothesis:

It is hypothesized that history has a dual nature; it can be both a science and knowledge. It is a science in the sense that it involves formulas of different or repeated patterns, and knowledge as it is the result of the individual's accumulated experience.

Methodology:

The method adopted in writing this paper is based on a historic – analytic method.

The Structure:

The paper is divided into three main sections: section one is concerned with the term and definition of history. This section is subdivided into two parts; part one sheds light on the term 'history', and part two defines and analyses it as one of humanity sciences. Section two is similarly divided into two subsections: the first identifies the meaning and the subject of history, and the second illustrates the benefit and the purpose behind it. Section three, finally, dwells on the nature and structure of history. It involves three subsections: the first tackles the nature of history and its being a science, the second focuses on its being a field of knowledge, and the last exhibits our own viewpoint about history under the title 'another perspective for the nature of history'. The paper ends with the conclusions the researcher has arrived at, and a list of the references cited.